کرێکارانی جیهان یەگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

**٤٤٠**

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٤٠ – خە زە ڵوە ر – نوامبر ٢٠٢٣




**بەرەی کرێکاران و مرۆڤایەتی دژی تاوانی شەڕ و جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل**



**سیاسەتە دژەکرێکارییەکانی ڕژیمی ئیسلامی سەرمایەداران بێ وڵام نامێنێتەوە**

**پەرەسەندنی ناڕەزایەتیی کرێکارانی سەنعەتی نەوت و گاز**



**بەیادی شۆڕشی کرێکاریی ئۆکتۆبری ١٩١٧ لە ڕووسیە**

**دڵی جیهان بۆ شۆڕشێکی ئۆکتۆبری دیکە لێدەدات**



## سەروتار

### ئاخێزی خەزەڵوەری ٩٨،

### ئەو ڕاپەڕینەی بەستێنی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینای ئامادە کرد

چوار ساڵ لەمەوبەر ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی ٢٤ی مانگی خەزەڵوەر لەگەڵ ڕاگەیاندن و بردنەسەرەوەی هاوکاتی نرخی بێنزین و خافڵگیر کردنی جەماوەری خەڵك، بەکردەوە، هەژارانی شار و لاوانی وەگیان هاتوو لە هەژاری و بێکاری بەرەو ڕاپەڕین برد تا بە پێی نەخشەیەك کە لە پێشدا ئامادەی کردبوو، ڕاپەڕینەکەیان لە یەکەمین ساتەکاندا، وەحشیانە تێکبشکێنێ. کۆماری ئیسلامی دەیهەویست بە یەک ڕۆژ، ئاگری تووڕەیی پنگ خواردووی بێبەشان خامۆش بکات و بە خەیاڵی خۆی کۆتایی بە "فیتنەی ئاژاوەگێران" بێنێت. بەڵام ڕاپەڕینی پەراوێزخراوان و هەژاران، بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر، سەرتاسەری بۆوە و ترسی مەرگی خستە ناو دڵی کۆماری ئیسلامیەوە، لێکدانەوەکانی ڕژیمی شێواند و بۆ جارێکی دیکە نیشانی دا کە چ ئاڵوگۆڕێکی مەزنی مێژوویی خەریکە لە ئێراندا شکڵ دەگرێت. ئاخێزی مانگی خەزەڵوەر و تەشەنە سەندنی برووسکەئاسای بۆ ١٩٠ شاری ئێران، دیاردەیەکی لەناکاو نەبوو. قەیرانی پێکهاتەیی سەرمایەداری ئێران و دواهاتی ماڵوێرانکەری سیاسەتی نیئۆلیبڕالیسمی ئابووری تێکەڵ لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینی و گەندەڵی و ڕانتخۆری و پانتایی بێ وێنەی هەژاری و فەلاکەتی ئابووری و ئەو بێبەشییە کۆمەڵایەتیانەی کە بەسەر زۆربەی خەڵکی ئێراندا سەپابوو، دەمێك بوو بەستێنە بابەتییەکانی ئەم ڕاپەڕینە کۆمەڵایەتیەی ئامادە کردبوو. گەڕانەوەی دووبارە و توند بوونەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان، دابەزینی بەهای ڕیاڵ و هاتنەخوارەوەی توانای کڕینی کرێکاران و جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگا ئەم بەستێنەی پتەوتر کرد و ڕەوتی ڕوو لە گەشەی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران، خەباتی سەرتاسەری موعەلیمان و خانەنشینان، سەرهەڵدانی

دووبارەی بزووتنەوەی خوێندکاری و حزووری شکۆداری ژنان لەم خەباتەدا، سەرهەڵدانی ئەم ئاخێزەی کردە حەتمی.

ئاخێزی مانگی خەزەڵوەری ٩٨ لە درێژەی ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦دا، بزووتنەوەیەکی سیاسی لە پانتاییەکی بەرینتر و مەزنتردا بوو کە بێبەشانی شار و لاوانی بێکار و پەراوێزخراو، هێزی بزوێنەری بوون. ئەم ئاخێزە سەرتاسەرییە وەك هەموو بزووتنەوەیەکی بەهێزی سیاسی، بەشێوەی بابەتی، هاوسەنگی هێزی بە قازانجی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی دژبە ڕژیم گۆڕی و بەستێنێکی گونجاوتری بۆ گەشەی خەباتی ئابووری و سیاسی کرێکاران و بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکان، ئامادە کرد. ئەم ئاخێزە سەرانسەرییە بەستێنی گەشەی خەباتی ئابووری و سیاسی کرێکاران و ئاخێزەکانی دواتری ئامادە و بەهێزتر کرد. ئەم ئاخێزەش هەروەك ئاخێزی مانگی بەفرانبار، نیشانی دا کە شەپۆلی خرۆشاوی خەباتی سیاسی، چلۆن دەبێتە بزوێنەری



بەهێز بۆ خەباتی ئابووری و سیاسی و چلۆن ئاراستەی دەروونی کرێکاران بۆ خەبات، پتەوتر دەکەن.

ئەزموونی سەرتاسەری مانگی خەزەڵوەر و بەشداری لاوان و جەماوری کرێکار و زەحمەتکێش لەم ناڕەایەتییانەدا و هاوپشتی سۆزداریان لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزە سەرکوتکەرەکان، نیشانی دا کە ئەو ترسەی کە ڕژیم بە پشتیوانەی ماشێنی سەرکوت بەسەر کۆمەڵگادا زاڵی کردبوو، جێگای خۆی داوە بە تووڕەیی و هاوپشتی و موقاومەت دژبە بەخۆی. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەزەڵوەر، نیشانی دا کە لەناخی کۆمەڵگایەکدا کە پڕە لە خەبات و جموجوڵ، چ ڕێبەران و ڕێکخەرانێك پەروەردە بوون و هاتوونەتە مەیدان. ئەم ڕاپەڕینە، بەستێنی گونجاوی بۆ پێکهێنانی تۆڕی پەیوەندی و خەباتی ڕێبەرانی مەحەلی و هەنگاو هەڵێنان بەرەو پێکهێنانی ناوەندی جەماوەری و شۆرایی، وەك ئۆرگانەکانی بەرەوپێش بردنی خەبات، خولقاند.

ئاخێزی مانگی خەزەڵوەر لە بواری کۆمەڵایەتییەوە، ستراتێژی سیاسی ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی ئێرانی دایە بەر ڕەخنە، کە لەسەر تێپەڕینی هێمنانە لە کۆماری ئیسلامی تەئکیدی دەکرد. ئەگەر ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦ بە درووشمی "ئیسڵاح تەڵەب، ئۆسوولگەرا، ئیتر تەواو بوو ماجەرا"، کۆتایی بە زاڵ بوونی دوو دەیە وتاری ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی بەسەر کەش و هەوای سیاسیی ئێران هێنا، ئاخێزی مانگی خەزەڵوەریش، زەربەیەکی بەتەوژمی لە وتاری تێپەڕینی هێمنانە و دژایەتی لەگەڵ شۆڕش لەژێرناوی سنووربەندی لەگەڵ توندوتیژی، دا. ستراتێژی سیاسی و ڕێکاری ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی، لەژێرناوی بەڕێوەبردنی ڕێفراندۆمی یاسای بنەڕەتی، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازاد، بۆ دەست بەدەست کردنی دەسەڵات لەسەرووی جەماوەری خەڵکەوە، زیاتر لە جاران کەمڕەنگ بووە. بەهۆی بەکارهێنانی ئەم ڕادەیە لە توندوتیژیی حاکمانی دین وسەرمایە دژبە ناڕەزایەتی ڕەوای هەژاران و لاوانی بێکار، زەروورەتی ئامادەبوون بۆ تێپەڕینی شۆڕشگێڕانە و کەڵك وەرگرتن لە قەهری شۆڕشگێڕانە بۆ شکستدانی دوژمنی پڕچەك، پتر لە ڕابردوو هۆگرایەتی کۆمەڵایەتی پەیدا کرد. بە ئاشکرا بوونی بنبەستی ستراتێژی تێپەڕینی هێمنانە، بەستێنی پێشڕەویی ستراتێژی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی، کە پشتی بەستووە بە بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتیەکان، وەك کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بۆ زەوت کردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لە بورژوازی، زیاتر ئامادە بوو.

ئاخێزی مانگی خەزەڵوەر، بێبەشانی شار و لاوانی بێکار و پەراوێزخراوی لە شارە گەورە و چکۆلەکانی ئێران، هاوکات وەحەرەکەت خست. شارەکانی کوردستان و خوزستان کە لە ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦دا تا ڕادەیەك لە حەرەکەتی سەرتاسەری جێ مابوون، لە ئاخێزی مانگی خەزەڵوەردا، هەر لە سەرەتاوە بەشێوەیەکی شکۆدار بەشداری ناڕەزایەتییەکان بوون. خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان لە پانتاییەکی کۆمەڵایەتیدا نیشانیان دا کە بەپێچەوانەی ئەو نوسخانەی کە حیزبە ناسیۆنالیستەکان بۆیان دەپێچن، بۆ ڕزگاری لە چنگ کۆماری ئیسلامی، ڕێگایەکیان بێجگەلە هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرتاسەری، لەپێناو ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە لەبەردەم نییە.

یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوشتاری نارازیان لە جەرەیانی ئاخێزی مانگی خەزەڵوەر، زاڵ کردنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن بەسەر کۆمەڵگادا و بەتایبەت چاوترسێن کردنی نەسڵی دوای دەیەی ٦٠بوو. بەڵام ڕژیم بەم ئامانجەی نەگەیشت و شکستی خوارد. جەماوەری ئازادیخواز، بەم سەرکوتە خوێناوییە نە تەنیا چاوترسێن نەبوون بەڵکوو بە دەربڕینی تووڕەیی و ناڕەزایەتی خۆیان دژبەو جەنایەتانەی کە ئەنجام دران، ترسیان خستە جەستەی ڕژیمەوە. ڕێك پاش ئەم جەنایەتانە، ڕێکخراو و ناوەندە جۆراوجۆرە کرێکارییەکان، خانەنشینان، موعەلیمان، نووسەران و هۆنەرمەندان، لە ناوخۆی ئێران لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و بەیانییەی جۆراوجۆرەوە، ئەم جەنایەتانەیان مەحکووم کرد. پاش ئاخێزی مانگی خەزەڵوەر، مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری بەردەوام درێژەی بوو. بزووتنەوەی خوێندکاری بە ئاکسیۆنە شکۆدارەکانی خۆی لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز و لە گەمارۆی هێزەکانی دوژمندا، بە دەنگێکی ڕەساوە، جەنایەتەکانی ڕژیمی مەحکووم کرد و ڕایگەیاند کە بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران، بەم کوشتارە دڕندانەیە، چاوترسێن نابێت.

بەڵام ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی مانگی خەزەڵوەریش هەروەك ئاخێزی مانگی بەفرانباری٩٦، سەرەڕای فیداکاری و گیانبازی بەڕێوەبەرانی و سەرەڕای هەموو دەستکەوتە مەزنەکانی، پاش یەك حەفتە، لە بەرینایی کەم بۆوە و نیشتەوە. جەماوەری خەڵک دەرفەتی ئەوەی نەبوو بەسەر گومانەکانیاندا زاڵ بن و لەئاستی ملیۆنیدا بەشداری ئەم ڕاپەڕینە بکەن. کرێکارانی کارخانە و ناوەندە گەورە سەنعەتیەکان کە بە خەباتی بەردەوامی خۆیان بەستێنە زهنییەکانی ئاخێزی خەزەڵوەریان ئامادە کردبوو، ئەمجارەشیان ئامادەی ئەوە نەبوون کە بە مانگرتنی هاوئاهەنگ و سەرتاسەری خۆیان، لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنانەوە، بە ڕاپەڕینی هاوچینەکانی خۆیان پەیوەست بن و ماشێنی سەرکوتی ڕژیم داماو وزەلیل بکەن و بەستێنی مانگرتنی سیاسی گشتی ئامادە بکەن و هەڵبەت ئەوەش یەکێك لە کەموکوڕی و خاڵە لاوازە سەرەکییەکانی ئەم ڕاپەڕینە بوو. لەڕاستیدا ڕاپەڕینی خەزەڵوەر، تەنیا گۆشەیەك لە هێزی خۆی هێنایە مەیدان و ئامادەی نەبەردی نیهایی نەبوو. خوێنڕێژانی کۆماری ئیسلامی بە کوشتنی پتر لە هەزار و ٥٠٠ کەس لە لاوانی خەباتکار و بریندار کردن و دەستبەسەر و زیندانی کردنی چەندین هەزار کەس، ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەیان ناچار بە پاشەکشە کرد. سەرانی ڕژیمی ئیسلامی بەخەیاڵی خۆیان توانییان لەڕێگەی سەرکوتی خوێناوی و بە یارمەتی ڤایرۆسی کوشندەی کۆرۆنا، نیزامە جەنایەتکارەکەیان لە ژێر گوشاری بزووتنەوەی دادخوازی دژبە کوشتاری مانگی خەزەڵوەر ڕزگار بکەن، بەڵام لە قووڵایی کۆمەڵگادا، ڕاپەڕینێکی بەهێزتر شکڵی گرت. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی یەکساڵی رابوردو کە بەناوی ڕەمزی ژیناوە دەستی پێکرد سەلمێنەری ئەم حەقیقەتەیە.

❊ ❊ ❊

# مانگرتن فێرگەی خەباتی چینایەتیی کرێکاران دژی سەرمایەداران

ڕۆژی یەکشەممە ٢١ی مانگی خەزەڵوەری ١٤٠٢ کرێکارانی فوولادی ئەهواز بۆ دووهەمین ڕۆژی بەردەوام دژی بایەخنەدانی بەڕێوەبەرایەتی شیرکەت بە داخوازییەکانیان و بە خواستی جێبەجێکردنی گەڵاڵەی ڕیزبەندی پیشەکان، هاوسانسازی حەقدەست و گەڕانەوە هاوکارە دەرکراوەکانیان بۆسەر کار درێژەیان بە مانگرتن دا و ڕێپێوان و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبرد. کرێکارانی گرووپی میللی فوولاد بە دروشمی "کارتی کەسێک ببەسترێ، دەرگای شیرکەت دەبەسترێ"، "کرێکار دەمرێ زیللەت قەبووڵ ناکا" لەسەر درێژەی خەباتیان تا گەیشتن بە خواستەکانیان پێداگرییان کرد. هەروەها لەم ڕۆژەدا کرێکارانی ڕەسمی شیرکەتی نەوت و گاز لە جنووب لە چەندین ناوچە لەوانە ناوچەی عەمەلیاتی سیری، چابەهار، ئاغاجاری، بەندەری ماهشەهر و ئەهواز درێژەیان بە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی دا. خانەنشینانی مەعدەنەکان و سەنعەتی نەوت و تەئمینی ئیجتماعیش لە چەندین شار و پەرستاران لە کاشان بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە و ڕێپێوان ناڕەزایەتییان دەربڕی.

ئەم نموونانە نیشانی دەدەن کە مانگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕینی کرێکاری بە شێوەی دەست لەکار کێشانەوە و کۆبوونەوە لە ناوەندەکانی کار و یان لە بەرامبەر ناوەندە دەوڵەتییەکان، ڕۆژانە، بە بەرینایی گشت ئێران، لە ئارا دایە. هەموو ڕۆژێ شایەدی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکانین. ئەگەرچی مانگرتن و بەرێوبردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لای ڕژیمی کۆماری ئیسلامی حەرەکەتێکی پێچەوانەی یاسایە، بەڵام کرێکارانی ئێران ساڵەهایە مانگرتن و ناڕەزایەتی نایاسایی خۆیان کردووەتە واقعیەتێکی حاشاهەڵنەگری بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمەڵگای ئێران. لە ماوەی ساڵانی دەسەڵاتی ئەم ڕژیمەدا، بەردەوام یاسای کار نووسراوەتەوە و تەبسەرە و تێبینیی جۆراوجۆری پێ زیاد کراوە و یان لێی کەم کراوەتەوە. بەڵام لە هیچکام لەم پێشنووس و پەسندکراوانەدا، تەنانەت یەك جاریش ووشەی "مانگرتن" بەکار نەبردراوە. دەڵێی وەها حەرەکەتێك لە کۆمەڵگای ئێراندا، بوونی نییە. بەڵام سەرەڕای حاشالێکردن و پەردەپۆشی ڕژیم، مانگرتنی کرێکاری، بەردەوام کابوسی دەزگاکانی سەرکوتی ڕاستەوخۆ، لە وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سپا، فەرماندار و ئۆستاندارەکانەوە بگرە تا ناوەندەکانی سەرکوتی ناڕاستەوخۆ، لەوانە ڕێکخراوە دژە کرێکارییەکانی وەك خانەی کاریگەر و شۆرای ئیسلامی و هیتر، بووە.

مانگرتن و ناڕەزایەتی بەشێکی جیانەکراوەی مەوجودیەتی چینێکە کە سەروەت و نێعمەتە کەڵەکە کراوەکان لەم کۆمەڵگایەدا بەرهەمی کار و ڕەنجی ئەوە. حەقدەستێك کە سەرمایەداران ئەیدەن بە کرێکاران، تەنیا بەشی ژیانێکی مەمرەو مەژی خۆیان و بنەماڵەکانیان دەکات تا بتوانن سبەینێ دیسان بچنەوە سەرکار و سەرلەنوێ بچەوسێنەوە و سەروەت بەرهەم بێنن. بەڵام کرێکاران لە بەرانبەر ئەم بارودۆخە زاڵمانەیەدا تەسلیم و بێ ئیرادە نین. ئەگەر سەرمایەداران هەموو هەوڵی خۆیان بەکار دێنن تا بە دانی حەقدەستی کەمتر بە کرێکاران، بە خۆ بواردن لە ئەنجامی ئەو تەعەهودات و تەوافوقیان لەگەڵ کرێکاران، سود و قازانجەکانیان زیاتر بکەن، لە بەرانبەردا کرێکارانیش بۆ باشتر کردنی بارودۆخی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان مانگرتن وەک شێوازێکی کارا لەدژی سەرمایەداران و دەوڵەتی پشتیوانیان بەکار دێنن.

مانگرتنی یەکگرتووانە سەرەتای خەباتی هەدەفمەندی کرێکارانە وەک چینێک لەدژی نیزامی سەرمایەداری. تا پێش لەو شێوازە لە خەبات کرێکاران تەنیا بەشێوەی فەردی لە کێشمەکێشەکانیدا لەگەڵ سەرمایەدارانی قازانج پەرست دەرگیر بوون. بەڵام لەوە بەدواوە کرێکاران فێر دەبن کە چلۆن هێزی بە کۆمەڵی خۆیان لەم نەبەردەدا بەکار بێنن. کرێکاران فێربوون کە خەباتی بە تەنیایان لەگەڵ



سەرمایەداران بەهیچکوێ ناگات. کرێکاران لە جەرەیانی مانگرتندا لەژێر باری سوکایەتی پێکرانی هەموو رۆژەیان لەلایەن سەرمایەدارانی قازانج پەرستەوە پشت ڕاست کردووەتەوە و باوەڕ بەخۆبوون و کەرامەتی ئینسانی خۆیان بەدەست هێناوەتەوە. "کرێکار دەمرێ، زیللەت قەبووڵ ناکات" سەلمێنەری ئەم واقعیەتەیە. لەگەڵ دەستپێکردنی هەر مانگرتنێکدا خاوەنکاران بۆیان دەردەکەوێ کە مەیدانداریی ئەوان لەدژی کرێکاران سنوورێکی هەیە و ئەوان ئیتر حاکمانی موتڵەق بەسەر چارەنووسی کرێکارانەوە نین. کرێکارانیش دەزانن کە ڕێگایەک بۆ ڕزگار بوون لە فەلاکەتێک کە سەرمایەداران بەسەریاندا سەپاندون بوونی نییە و هیوا بە ڕزگار بوون لە ژیانی ژێردەستە بوون لە وجودیاندا چەکەرە دەکات.

لە جەریانی مانگرتندا کرێکاران روو بە روو لەگەڵ سەرمایەداران وتووێژ دەکەن، مافەکانیان بە پشتیوانی هێزی یەکگرتوانەی خۆیان داوادەکەن، بەم جۆرە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بووە هەست دەکەن کە لەگەڵ سەرمایەداراندا لە ئاستێکی یەکساندان. لە رۆژەکانی مانگرتندا ئەوە کرێکارانن کە دەستور بە سەرمایەداران ئەدەن و بەسەریاندا فەرمان ئەکەن.

ترس لە شکڵ گرتن و گشتگیر بوونەوەی وەها رۆحیەیەکە کە دەوڵەتانی پشتیوانی سەرمایەداران توشی وەحشەت دەکات و سەرلێشێواوانە ئامرازەکانی سەرکوتی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەدژی کرێکاران بەکاردێنن. کاردانەوەی دەوڵەتەکان ئەوە فێری کرێکاران دەکات کە بۆ بەئاکام گەیاندنی ئەم نەبەردە دەبێ وشیارانە تر و ڕێکخراوتر و ڕەزمەندەتر بێنە مەیدانی عەمەلەوە.

" مانگرتن چاوی کرێکاران نەتەنیا بە رووی ماهیەتی سەرمایەداران بەڵکوو بە رووی ماهیەتی دەوڵەت و یاساکانیشیدا دەکاتەوە، هەر مانگرتنێک ئەم ڕاستیەی کە دەوڵەت دوژمنی کرێکارانە و چینی کرێکار دەبێ خۆی بۆ خەبات لەدژی دەوڵەت و بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی هەموو خەڵک ئامادە بکات وەبیر کرێکاران دێنێتەوە. مانگرتن ئەوە فێری کرێکاران دەکات کە بەیەکەوە بن، نیشانیان ئەدات کە ئەوان تەنیا کاتێک کە یەکگرتوو بن دەتوانن لەدژی هەموو سەرمایەداران خەبات بکەن. مانگرتن فێری ئەوەیان دەکات کە بیر لە خەبات لەدژی حکوومەتی پۆلیسی بکەنەوە و بۆ ئازادی هەموو خەڵک، سەرجەم ئەوانەی کە زەحمەت دەکێشن لەژێر کۆت و بەندی ئیستبداد خەبات بکەن."

بەم جۆرە مانگرتن مەیدانەکانی خەباتی سیاسی بە رووی کرێکارانی پێشڕەو و ڕێبەرانی کرێکاریدا دەکاتەوە. فێریان دەکات کە ئەرکی گۆڕینی ئەم کۆمەڵگا پێچەوانەیەی کە چارەنووسی لەدەستی چینێکی زەروو سفەت دایە لە ئەستۆی ئەوانە. کرێکاران بە درێژەدان بەم خەباتە فێر دەبن کە سەرجەم هەڵاواردنە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، برسیەتی، قاتوقڕی، ستەمکێشی سەر ژنان، هەڵاواردنی ڕەگەزی، ئیعتیاد، لەشفرۆشی، کاری منداڵان، منداڵانی خیابانی و سەرجەم فەسادێک کە لەم کۆمەڵگایەدا هەیە بەرهەمی نیزامێکە کە لە باری مێژوویی‌یەوە تەمەنی بەسەرچووە و بە دەستی پڕ توانای چینی کرێکار دەکرێ بگۆڕدرێت.

بزوتنەوەی کرێکاری لە هیچ وڵاتێک مافی مانگرتنی لە ڕژیمە سەرمایەداریەکانی حاکم سواڵ نەکردوە، بەڵکوو ئەم مافەی بە هێزی یەکگرتوویی و خەباتی خۆی بەدەست هێناوە. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا ئەگەرچی ڕژیم وەها مافێکی قەت بۆ کرێکاران بەڕەسمیەت نەناسیوە بەڵام مانگرتن بەردەام یەکێک بووە لە ئامرازەکانی جەماوەری کرێکاران بۆ دەرکێشانی بەشێک لە مافەکانیان لە گەرووی سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان. مانگرتنی سەرکەوتووانەی کرێکارانی نەوت و پێترۆشیمی، ڕێگەی ئاسنی سەرانسەری و مانگرتنە بەردەوامەکانی کرێکارانی خەباتکاری نەیشەکەری حەوت تەپە لەماوەی ساڵانی ڕابردوو لە نموونە شکۆدارەکانی بەکارهێنانی ئەم چەکەیە لەلایەن کرێکارانەوە.

مانگرتن ئامرازی خەباتی بەکۆمەڵی کرێکارانە. مانگرتن مەدرەسەیەکە بۆ ئاموزشی چینی کرێکار لە خەباتێکی چارەنووس سازدا کە خەریکە بەرەو پێشی ئەبات. مانگرتن دەرفەتێکە بۆ دەرکەوتن و پەروەردەی هەڵسووڕاوان و ڕێبەرانی کرێکاری. لە جەریانی مانگرتندایە کە کرێکاران

هەست بە پێویستی ڕێکخراوبوون و یان نەزم دانی زیاتر بە ڕێکخراوەکانیان دەکەن. لە جەریانی مانگرتندایە کە کرێکاران خاڵە بەهێز و لاوازەکانی حەرەکەتی بەرەو پێشی خۆیان دەناسن و تەجروبەکانیان بۆ خەباتی چارەنووس سازی داهاتوو دەوڵەمەند تر دەکەن. لە جەریانی مانگرتندایە کە هاوڕێیەتی و هاوپشتی کرێکاری بەهێز دەبێت. لە ڕۆژەکانی مانگرتندا بنەماڵە کرێکاریەکان زیاتر لە پێشو لەیەکتر نزیک دەبنەوە و لە چارەسەر کردنی کێشە و گرفتی ڕۆژانەیاندا یارمەتی یەکتر ئەدەن.

هیچ رادەیەک لە خزمەتگوزاری و بیمەکان، هیچ ڕێژەیەک لە زیاد بوونی حەقدەست، هیچ باشتر بوونێک لە بارودۆخی ئیمنی کار، بەرهەمی بڕیاری دڵخوازانە و ئیختیاری لە لایەن سەرمایەدارانەوە نەبووە . هەر مافێک کە لەم بوارانەدا بەدەست هاتووە، تەنیا بەرهەمی خەباتی ڕاستەوخۆی کرێکاران و یان ترسی سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان بووە لە کاردانەوەی توند و پەرەسەندنی زیاتری خەباتی کرێکاران. سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان تا کاتێک کە لەگەڵ ناڕەزایەتی و خەباتی کرێکاران لە شێوازی مانگرتندا بەرەوڕوو نەبنەوە، بایەخ بە داخوازی کرێکاران نادەن. بەڵام کاتێک کرێکاران پرۆسەی بەرهەمهێنان و کەڵەکە کردنی سوودی سەرمایەیان ڕاگرت ئەوکاتەیە ترس لە گیانیان دەنیشێ و لێیان حاڵی دەبێت کە چلۆن شووشەی تەمەنی نیزامەکەیان لە دەستی ئەو بێبەشانە دایە کە تا دوێنێ کردبوویاننە کۆیلە و سووکایەتیان پێدەکردن. مانگرتن فێرگە و قوتابخانەی خەباتی چینایەتی کرێکارانە لەدژی نیزامی سەرمایەداری.

***

## بەیادی شۆڕشی کرێکاریی ئۆکتۆبری ١٩١٧ لە ڕووسیە

## دڵی جیهان بۆ شۆڕشێکی ئۆکتۆبری دیکە لێدەدات

سێشەممە ٧ی مانگی نوامبر بەرابەر لەگەڵ ١٦ی خەزەڵوەر ساڵڕۆژی شۆڕشی کرێکاری لە وڵاتی ڕووسیەیە. ١٠٦ساڵ لەمەوبەر لە وەها ڕۆژێکدا چینی کرێکاری ڕووسیە بە ڕێبەری حیزبی بۆلشێڤیک و لێنین لە ڕاپەڕینێکی سەرکەوتووانەدا حکوومەتی بورژوازیی ئەم وڵاتەی ڕووخاند و دەسەڵاتی سیاسی گرتە دەست. کرێکارانی ڕووسیە دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات ڕوو بە هاوزنجیرەکانی خۆیان لە سەرانسەری جیهان لە ئاڵمان، فەرانسە، ئینگلیس و وڵاتەکانی تر ڕایانگەیاند کە سەرکەوتنی ئۆکتۆبر سەرکەوتنی هەموومانە. ڕایانگەیاند کە: دەسەڵاتی چینی کرێکار لە ڕووسیە پێویستە دەستپێکی دەسەڵاتی ئەم چینە جیهانییە لە وڵاتانی دیکەی سەرمایەداری بێت.

بێگومان شۆڕشی ئۆکتۆبر سەرکەوتنێکی نێونەتەوەیی چینی کرێکار بوو. ئەم شۆڕشە نەتەنها سەرکەوتنی چینی کرێکار بەڵکوو مژدەبەخشی ڕزگاری هەموو بێبەشان بوو. شۆڕشی کرێکاری ڕووسیە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە بە فەرمانی ئاشتی خۆی، ڕێگای ڕزگاری لە جەهەنەمی شەڕ بەرەوڕووی خەڵکی ڕووسیەدا کردەوە. دەسەڵاتی کرێکاری دەستبەجێ خاوەنداریەتی تایبەتی بەسەر زەویدا هەڵوەشاندەوە و زەوییەکانی مالک و دەوڵەت و کلیسای کردە گشتی و خستیە ئیختیار هەموو زەحمەتکێشانەوە. دەسەڵاتی کرێکاران دەستبەجێ بەرابەریی کاملی مافی ژن و پیاوی لە هەموو بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و بنەماڵەییدا کردە یاسا. دینی بەتەواوی لە دەوڵەت جیا کردەوە و دەستی کلیسای لە کاری دەوڵەت لەوانە دەستوەردانی لە بواری پەروەدە کورت کردنەوە. حکوومەتی کرێکاری مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی لە ڕووسیە وەدی هێنا. ئەم شۆڕشە و سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکاری ڕووسیە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر خەباتی ڕزگاریبەخشی خەڵکی ژێر ستەمی سەرانسەری جیهان دانا. شۆڕشی کرێکاریی ساڵی ١٩١٧، چینی سەرمایەداری لە دەسەڵات هێنایە خوار و یاساکانی حکوومەتی کرێکاری لەم وڵاتە بونیاد نا. پێشڕەویی بزووتنەوەی چینی کرێکار و شۆڕشی کرێکاری بەرەبەرە هەموو ئیمپراتووریی ڕووسیەی گرتەوە. لەگەڵ کرانەوەی ئاسۆی سۆسیالیزم و دادپەروەری ئابووری، و ئاسۆی دابینکردنی یەکسانی کۆمەڵایەتی و هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازات و نابەرابەرییە نەتەوەییەکان، یەکیەتییەکی خۆبەخشانە لە نەتەوەکانی دانیشتووی ئەم ئیمپراتوورییە پێکهات و بەمجۆرە یەکیەتیی سۆڤیەت لەدایک بوو.

دەوڵەتانی سەرمایەداری و ئیمپریالیستی جیهان لەو سەردەمەدا ئەگەرچی هێشتا لەژێرباری زیان و خەساری شەڕی یەکەمی جیهانیدا پشتیان ڕاست نەکردبووەوە، ئەرتەشەکانیان بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی کرێکاری بەکارهێنا. بەڵام هاوپشتی نێونەتەوەیی چینی کرێکار لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری و ناڕەزایەتی جەماوەری لەم وڵاتانە هاوکات لەگەڵ خۆڕاگریی گیانفیدایانەی داکۆکیکارانی ڕاپەڕیوی شۆڕشی کرێکاری لە شۆرەوی، بەرەی کۆنەپەرستی ئیمپریالیستی تێکشکاند. بەمجۆرە حکوومەتی کرێکاریی شۆرەوی لە بەرەنگاربوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بواری نیزامی و سیاسی، بەرامبەربە سەرمایەداری جیهانی، سەربەرز و سەرکەوتوو هاتە دەر.

بەڵام حکوومەتی تازەی ڕووسیە میراتگری وێرانییەکانی شەڕی ئیمپریالیستی، سەنعەت و کشتوکاڵی زیاندیتوو و قاتی و برسیەتی و هەژارییەکی بێوێنە بوو کە لە حکوومەتی تێزارەوە پێگەیشتبوو. سێ ساڵی یەکەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕش، جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بە تەحەمولی دژواریی کەم وێنە، بە فیداکاری و بە هیوای ڕزگاری، دەسەڵاتی کرێکارییان لە قەیرانی مەرگ و ژیان ڕزگار کرد. خەبات بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم و بۆ بونیادنانی ئابوورییەکی سۆسیالیستی لە کۆمەڵگای شۆرەوی کەوتە دەستووری کاری حیزبی بۆلشێڤیک و دەوڵەتی کرێکارییەوە. باس و جەدەلی یەکجار زۆر سەبارەت بە مۆدێلی ئابووریی سۆسیالیستی، شێوازی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ خۆڕاگری نهێنیی دژەشۆڕشی بورژوازی لە ناوخۆ و گوشاری ئیمپریالیستی لەئاستی جیهانی ئەنجام درا. باس وکێشمەکێش لەسەر ڕێگاکانی سەنعەتی کردنی کۆمەڵگای ڕووسیە و چۆنیەتی بردنەسەری ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و هاوکات بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ وەرزێرانی دەوڵەمەند، باس لەسەر چۆنیەتی دامەزراندنی سۆسیالیزم لە وڵاتێک، گرینگترین موناقشە و مشتومڕەکانی ئەو قۆناغە بوون.

لەم جەداڵ و مشتومڕانەدا بەداخەوە هیچکام لە باڵ و فراکسیۆنەکانی ناو حیزبی بۆلشێڤیک نەیانتیوانی گەشەی شۆڕشی کرێکاری و دامەزراندنی ئابووری سۆسیالیستی



لەسەر بنەمای بەرژوەندی چینی کرێکار نوێنەرایەتی بکەن و بەکردەوە دەسەڵاتی سیاسییان بە بەهای دوورکەوتنەوە لە ئامانجە سەرەتاییەکانیان پاراست. لە نەبوونی مۆدێلێک بۆ ڕێکخستنی ئابووریی سۆسیالیستی ئەمجارەیان، ئەوە بورژوازی زامداری ڕووسیە بوو کە ئیمکانی وەدیهاتنی ئاواتە دێرینەکانی خۆی لە بەدەستەوەگرتنی حیزب و دەوڵەت و ناوەندە شۆڕشگێڕاندا دەبینی. کاتێک دەوڵەتی تازەپێکهاتووی ڕووسیە نەیتوانی ئابووریی سۆسیالیستی و ژیانی خەڵک ڕێک بخات، بورژوازیی ڕووسیە لە ناوەندە نوێیەکاندا توانای ئەوەی پەیدا کرد کە بنبەستەکانی بشکێنێ و ئاواتی دێرینەی واتە بونیادنانی ڕووسیەیەکی سەنعەتی و بەهێز بەرامبەر زلهێزە ئیمپریالیستەکانی ئەو سەردەمە وەدی بهێنێت. ناوبانگی سۆسیالیزم و ئیعتباری کۆمەڵایەتییەکەی، نفووزی بۆلشێڤیک کە بەرهەمی ڕێبەریی سەرکەوتووانەی شۆڕشێکی کرێکاری بوو، هەر هەمووی ماهیرانە و شارەزایانە لە خزمەت بە ناسیۆنالیزمی مەزنخوازی ڕووسدا بەکارهێنرا. باڵی دەسەڵاتداری حیزبی کۆمۆنیست، لە ناوەڕاستەکانی دەیەی ٢٠ ئەو سیاسەتانەی کردە بنەما کە لە قۆناغێکدا بۆ پاراستنی دەسەڵات لەناو دەستی چینی کرێکار پێیان دەوترا "پاشەکشەی کاتی و وشیارانە". ڕێبەری حیزب بۆ بەڕێوەبردنی وڵات فەزیلەتی ئەبەدی بەم سیاسەتانە بەخشی. لە جیاتی بەدواداچوون بۆ ئاواتی ڕزگاریبەخشی سۆسیالیستی، لەجیاتی ڕێکخستنی ئابووری سۆسیالیستی، هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریەتی تایبەت، هەڵوەشاندنەوەی کاری مووزدی، لەجیاتی پێکهێنانی خوشبژێوی ماددی لە ژیانی خەڵکدا،

دامەزراندنی کۆمەڵگایەک کە پێکهاتبێت لە مرۆڤی ئازاد و یەکسان و بەدوور لە بێمافی و چەوساندنەوە، بووژاندنەوەی نەتەوەی ڕووسی کردە ئامانجی خۆی. هێز و داهێنانی ملیۆنها ئینسان، لەژێر سیستمێکی موتەمەرکزی دەوڵەتیدا، بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە مێژووییەی بورژوازیی ڕووسیە کەوتە کار. ساڵەکانی دەیەی ٣٠ لەحاڵێکدا کە جیهانی سەرمایەداری لە ڕۆژئاوا لە ناو قەیرانێکی ئابووری سەختدا گرفتار بوو، یەکیەتی سۆڤیەت باڵاترین ڕێژەی گەشەی ئابووری بەخۆوە بینی. بەمجۆرە بوو کە تازەدەسەڵاتێکی گەورەی سەنعەتی لە سەروبەندی شەڕی جیهانی دووهەمدا، بە گۆشت و پێست و خوێن و ئارەقی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ڕووسیە، هاتە ناو مەیدانی ڕەقابەتە نێونەتەوەییەکانی سەرمایەدارییەوە.

بەڵام زەمانەتکردنی پێشکەوتنی ئەم پڕۆسە ستەمکارانە و سەرمایەدارییە پێویستی بە پێکهاتەیەکی سیاسی جیاواز بوو. پێکهاتەیەکی جیاواز لەوەی کە کرێکاران لە شۆڕشەکەیان چاوەڕێیان دەکرد. دیکتاتۆری حیزب جێگای دیکتاتۆری چینی گرتەوە و لە ناو حیزبیشدا ئەو باڵەی کە توانیبووی ڕکابەرە حیزبییەکانی سەرکوت بکات، وەک نوێنەری چینی کرێکار داسەپاندنی دیکتاتۆریی لەلایەن خۆیەوە بەسەر گشت کۆمەڵگا، بەڕوا دەزانی. بەمجۆرە، بۆ بێدەنگ ڕاگرتنی کرێکاران و خەڵکی ناڕازی لە شۆڕەوی و بۆ دابینکردنی ئەمنیەتی سەرمایەداری دەوڵەتی لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی، سیستمێکی دیکتاتۆری و دڕندانەیان دامەزراند.

ئەگەرچی دەسەڵاتی کرێکاری لە ڕووسیە سەرەنجام شکستی هێنا، بەڵام ئەمڕۆ ١٠٦ ساڵ دوای ئەم ڕووداوە، ئارمانەکانی ئەم شۆڕشە لە سەرانسەری جیهان هەروا زیندووە و دڵی جیهان بۆ شۆڕشێکی ئۆکتۆبری دیکە لێدەدات. بەهیوای ئەوەیکە ئەزموونی ڕێکخستنی شورایی کرێکاران، وەک حەرەکەتێکی زیندوو و گشتگیر لەناو بزووتنەوەی کرێکاریدا درێژەی بێت و چینی کرێکار بە پشت بەستن بە ڕێکخراوەکانی خۆی و بە بەکارهێنانی دەرسەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبر، لە خەبات و هەرواز و نشێوەکانی بەردەمی، داخوازی و مافی پێشێلکراوی خۆی بەدەست بێنێت و سەرکەوتوو و سەربەرز ئامانجی ئینسانی و ڕزگاریبەخشی خۆی وەدی بهێنێت. لەئێستادا پێگەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئاستی گەشەی هێزی بەرهەمهێنەر نیشانی دەدات کە بەستێن و بارودۆخی بابەتی بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشێکی سۆسیالیستی و بۆ ڕزگاری لە نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری ئامادەتر لە هەموو کاتێکە. ئەوەیکە ئامادە نییە بارودۆخی زهنییە. واتە ئامادەنەبوونی چینی کرێکار لە بواری وشیاری، ڕێکخستنی چینایەتی و ڕێکخراونەبوون لەناو حیزبی سیاسی خۆیدا. واتە بارودۆخێک کە فەراهەمکردنی لە گرەوی پێشڕەویی ستراتێژی سۆسیالیستیدایە.

❊❊❊

# بارودۆخی کارەساتباری بەبارمتەگیراوانی فەلەستینی لە زیندانەکانی ئیسرائیل

لەحاڵێکدا کە چارەنووسی بەبارمتەگیراوانی ئیسرائیلی و وتووێژ بۆ ئازادی ئەوان لە ناوەندی سەرەنجی دەوڵەتی ئەمریکا و باقی دەوڵەتانی جەنایەتکاری ڕۆژئاوا و میدیاکانی سەربەوان و تەنانەت جەنایەتی جەنگی و جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل دژبە خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە بە ئامانجی درۆیینی ئازادی ئەم بەندکراوانە پاساو دەکرێت، کارەساتێکی مرۆیی دیکە لەناو بێدەنگی و سەرشلووغی میدیاکاندا گوم بووە. ئەو کارەساتەی کە بەبارمتەگیراوانی فەلەستینی لە زیندانەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلدا لەگەڵی بەرەڕوون. لەناو ئەم ئەشکەنجەگایانەدا تەنانەت دووربینێکیشی لێ نییە تا ببیندرێ کە ئەوە تەنها خەڵکی کەرتی غەززە نین کە لە گەورەترین زیندانی سەرئاواڵەی جیهاندا بەردەوام هێرشیان دەکرێتە سەر و خانە و لانەیان بەسەریاندا وێران دەبێت و دەکوژرێن. بەڵکوو دوای هێرشی تیرۆریستی حەماس و ڕاگەیاندنی شەڕی نەتانیاهۆ گیراوانی فەلەستینیش لە زیندانە سەربەستراوەکانی ئیسرائیلدا لە دۆخێکی کارەساتباردان. سێ ڕۆژ دوای هێرشی حەماس، هێزە ئەمنییەکانی ئیسرائیل بە بۆمبی سەوتی چ لەناو ئیسرائیل و چ لە ناوچە داگیرکراوەکانی لێواری ڕۆژئاوا هێرشیان کردە سەر زیندانەکان. بەندکراوانیان لە یەک جیا کردەوە و هەموو کەلوپەلێکیان لێ زەوت کردن و پەیوەندی زیندانیان لەگەڵ دەرەوە پچڕاند. لە هێرش بۆسەر زیندانی "گیلبا" لە باکووری ئیسرائیل، وەزیری ئەمنیەتی ناوخۆی دەوڵەتی ئیسرائیل ڕێبەری ئەم هێرشەی گرتبووە ئەستۆ. ئەگەرچی لە چەندین مانگ پێشترەوە دۆخێکی نالەبار بەسەر زیندانەکاندا زاڵ بوو بەڵام لە یازدەی ئۆکتۆبرەوە بەرقی ناو ژوورەکان قەتع کرا و لەو زیندانانەی کە بەناو بەندکراوانی مەترسیداریان تێدا ڕاگرتبوو تەنانەت ئاویشیان قەتع کرد.

بە فەرمانی بەرپرسی زیندانەکان، هیچ بەندکراوێک لە چواردەی ئۆکتۆبرەوە ڕێگەی پێنەدراوە لە ژوورەکەی پچێتە دەر و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسوکاریان لێ قەدەغە کراوە. بەپێی ئامارەکانی ئیدارەی زیندانەکان لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبرەوە پێنج هەزار و ٢٠٠ فەلەستینی وەک زیندانیانی ئەمنیەتی لە زیندانە جۆراوجۆرەکاندا بوون. هەزار و ٢٠٠ کەس لەم بەندکراوانە بە بێ هیچ حوکمێک لە زینداندا ڕاگیراون و بیست و سێ کەسیان زیاتر لە سی ساڵە کە لە زینداندان. بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٧٠ کەس لەم بەندکراوانە لەژێر تەمەنی یاسایی دان و بەتاوانی هاویشتی بەرد بەرەو سەربازانی ئیسرائیلی و یان شاروچکەنشینەکان زیندانی کراون. لە کاتی پێکهاتنی ڕاسترین دەوڵەتی ڕژیمی داگیرکەرەوە، یاسای زۆر توندتر لەوانە ڕێگری لە چاوپێکەوتن بە پارێزەر و کەسوکاری بەندکراوان بۆ ماوەی چەندین مانگ بەڕێوەچووە. لە ڕۆژانی کۆتایی مانگی مارسدا لە ئاکامی مانگرتن لەخواردنی دوو هەزار بەندکراو، دەوڵەت ناچار بوو هێندێک پاشەکشە بکات. بەڵام دوو مانگ دواتر یاسای نوێ لەوانە بێبەریکردن لە هەبوونی هەرجۆرە کتێبێک بەڕێوەچوو. لەئێستادا ماوەیەکی زۆرە کە بەندکراوان لە هەرجۆرە موداوایەکی پزیشکی مەحرووم کراون. لەو نێوەشدا ژیانی بەندکراو لە بارودۆخێکی یەکجار سەخت و خراپتردان. ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ باس لە پەرەسەندنی دەستدرێژی سێکسی بۆسەر ژنان دەکەن. واقعیەت ئەوەیە کە خەباتی بەندکراوانی فەلەستینی دژبە گشت یاسا دژەئینسانییەکان لەناو زیندانەکاندا هیچ کات نەوەستاوە. بۆ ڕژیمی ئاپارتاید ئەوان نووکی هێزی خۆڕاگریی نەتەوەی فەلەستینن. تەنها ڕێگایەک کە لەماوەی ئەم ساڵانەدا بۆ بەندکراوان ماوەتەوە مانگرتن لە خواردنی بەکۆمەڵە، بۆ ئەوەی دەنگیان ببیسترێت.



دوای ڕێککەوتنی ئۆسلۆ لە ساڵی ١٩٩٨ کاتێک مەعلووم بوو کە ڕژیمی داگیرکەر بەپێچەوانەی دەقی ڕێککەوتنەکە بەندکراوان ئازاد ناکات، بەندکراوانی فەلەستینی گەلێک جار مانگرتن لە خواردنی درێژماوەیان ئەنجامدا. ساڵی ٢٠٠٠، لە کۆی هەزار و شەشسەد بەندکراو هەزار کەسیان یەک مانگی تەواو لە نارەزایەتی بە هەڵسووکەوتی وەحشیانەی زیندانوانان، ڕێگری لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسوکاریان و بێبەریکردنیان لە موداوای پزیشکی مانیان لە خواردن گرت. ساڵی ٢٠١٢هەزار و ٨٠٠کەس لە بەندکراوان بۆ ماوەی دوو مانگ بەئامانجی چوونەدەر لە ژووری تاکەکەسی مانیان لە خواردن گرت. ساڵی ٢٠١٦ ژمارەیەک لە بەندکراوان دوای ٩٠ڕۆژ مانگرتن لە خواردن لە زیندان ئازاد کران. ئەم کەسانە لە جەریانی خۆپیشاندان بە خواستی ڕادەستکردنەوەی تەرمی کوژراوەکان لەلایەن ئەرتەشی ئیسرائیل و بەندکراوانێک کە لە زیندانەکاندا فەوتیان کردبوو، دەستبەسەرکرابوون. ئێستاش دەوڵەتی ئیسرائیل لە ڕادەستکردنی تەرمی زۆرێک لەم کەسانە بە بنەماڵەکانیان خۆدەبوێرێت. یەک ساڵ دواتر بۆ جارێکی تر هەزار و ٥٠٠ بەندکراو بە خواستی باشترکردنی بارودۆخی زیندانەکان مانیان لە خواردن گرت. سەرەتای مانگی ئۆکتۆبری ئەمساڵ هەزار و سێسەد بەندکراو بۆ ئازادیی بەندکراوانێک کە لە گرتووخانە کاتییەکاندا بە بێ هیچ حوکمێک ڕاگیراون، مانیان گرت.

نەتانیاهۆ ١٦ی ئۆکتۆبەر لە ڕۆژی کرانەوەی وەرزی زستانی پارلەماندا وتی: "شەڕی ئەمڕۆ شەڕێکە لە نێوان منداڵانی ڕووناکایی و منداڵانی تاریکیدا. شەڕێکە لە نێوان مرۆڤایەتی و یاسای جەنگەڵ". ئەم وتەیە ئەوپەڕی ڕق و نەفرەت نانەوەی هێزێکی داگیرکەر و ڕاسیستە دژبە خەڵکی فەلەستین. هەربۆیە تێگەیشتن لەوەیکە چی بەسەر بەندکراوانی فەلەستینی دێت زۆر سەخت نییە.

لە هەمان کاتدا کە بیروڕای گشتی ئاگاداری دیمەنەکانی بۆردومانی غەززە و چارەنووسی بەبارمتەگیراوانی ئیسرائیلییە، حکومەتی ئیسرائیل نزیکەی دوو مانگە هێرشەکانی لە لێواری ڕۆژئاوا بۆسەر شارەکانی "حەبرۆن"، "ڕامۆڵڵا"، "نابلوس" و "بەیت لەحم" بەردەوام چڕتر کردووەتەوە و بەهۆیەوە هەتا ئێستا سەدان کەس کوژراون و برینداربوون.

هەموو داتا و زانیارییەکان نیشانی دەدەن کە هاوکات لەگەڵ تاوانی جەنگی دەوڵەتی ئیسرائیل لە کەرتی غەززە، هێرش دژبە فەلەستینییەکان لەناو زیندانەکان و لە هەموو بەرەکاندا پەرەی سەندووە. جینۆسایدێکی ئاشکرا لەئارادایە. ڕەنگبێ ڕژێمی داگیرکەر بتوانێ بە هێرش بۆسەر غەززە حەمامی خوێن بخاتە ڕێ و هەزاران کەس خەڵتانی خوێن بکات، بەڵام بێگومان ناتوانێ ئیرادەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و مرۆڤایەتی ئازادیخواز لەپێناو ڕزگاری، لەژێر وێرانەکانی ئەم تاوانە جەنگییانەدا بنێژێت.

***

## بەرەی کرێکاران و مرۆڤایەتی دژی تاوانی شەڕ و جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل

ئاکامی داگیرکاری و شەڕی ئیمپریالیستی بیست ساڵەی دەوڵەتی ئەمریکا لە ئەفغانستان و لەشکرکێشی بۆسەر عێراق، قەتڵ و کوشتاری سەدان هەزار کەس لە خەڵکی ستەملێکراو و بێدیفاعی ئەم وڵاتانە و داسەپاندنی دەسەڵاتە کۆنەپەرست و دژەدیموکراتیکەکان بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتانەدا بوو. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی، واتە ڕژێمێک کە بە یارمەتی دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان ئامرازەکانی دەسەڵاتی گرتە دەست، قوربانییانی سەرەکی سەرکوتگەری و کوشتار و زێدەخوازییە ناوچەییەکانی، جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگان. لەشکرکێشی و هێرشی جەنایەتکارانەی دەوڵەتی فاشیستی تورکییە بۆسەر خەڵکی کوردستانی سووریە بێجگەلە قەیران و هەڵاوسان و گرانی و بێکاری پەرەستێن، ئاکامێکی دیکەی بۆ کرێکاران نەبووە. قەیرانی کۆرۆنا لە سەرانسەری جیهان قوربانییە سەرەکییەکانی کرێکاران و خەڵکی کەمداهات و بێبەشی کۆمەڵگا بوون. ئاکامی شەڕی نیابەتی نێوان ناتۆ بە ڕێبەری ئەمریکا و دەوڵەتی ڕووسیە لە ئۆکراین، کوژران و برینداربوون و ئاوارەیی سەدان هەزار کەسی لە خەڵکی ئۆکراین، و گرانی بەرین و لەخوارەوە مانەوەی حەقدەستی کرێکارانی لەئاستی قارەی ئورووپا و جیهاندا لێکەوتووەتەوە. شەڕی ناوخۆیی سوودان هاوکات لەگەڵ کوشتاری خەڵکی بێدیفاع، سەدان هەزار کەسی بەرەوڕووی مەترسی مەرگ بەهۆی برسییەتی کردووە. لەئێستاشدا شایەدی کۆمەڵکوژیی خەڵکی فەلەستینین لەلایەن دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیلەوە بە پشتیوانی دەسەڵاتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ناتۆ. بەهۆی ئەم شەڕەوە کە لە نێوان هێزی کۆنەپەرستی حەماس و دەوڵەتی تاوانکار و فاشیستی ئیسرائیلدا لەئارادایە، زیاتر لە ٩ هەزار کەس لە خەڵکی فەلەستین کە لە سەدا ٦٠یان منداڵانن لەئاکامی بۆمبارانەکانی پێنجەمین ئەرتەشی جیهان گیانیان لەدەست داوە. لە ئیسرائیلیش شایەدی ئاوارەبوونی نیو ملیۆن کەس لە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشین. ئەمانە تەنها چەند نموونەن لە جەنایاتێک کە دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانی سەرمایەداریی دنیا لە دیموکراتەوە بگرە تا سەرکوتگەر، دەرحەق بە کرێکاران و جەماوەری خەڵک ئەنجامی دەدەن.



بێگومان تەنها دەوڵەتی ئیسرائیل لەم تاوانە جەنگییە و لەم جینۆسایدە خۆفناکەی کە لە کەرتی غەززەدا لەئارادایە بەرپرسیار نییە، بەڵکوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و باقی دەسەڵاتەکانی ناتۆ لەوانە بریتانیا، ئاڵمان، فەرانسە، ئیتالیا، کانەدا لەم جەنایەتانەدا شەریکن. دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی ئەمریکا و پشتیوانی بێدەربەغی لە دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لەم شەڕە لە کەس شاراوە نییە. وتاری شەڕخوازانەی بایدێن لە ڕۆژی یەکەمی ئەم هێرشە و بەراوردکردنی هێرشی جەنایەتکارانەی حەماس لەگەڵ ١١ی سێپتامبر و بانگەشەی دووپاتکردنەوەی ئەزموونی کوشتاری خەڵکی بێتاوانی ئەفغانستان و عێراق لە غەززە، بەشداریی بایدێن لە کۆبوونەوەی شۆرای جەنگی ئیسرائیل، ڕەوانەکردنی کەشتی فرۆکەهەڵگر بۆ ئاوەکانی مەدیتەرانە، دابینکردنی چەک بۆ ئیسرائیل کە ٢٥ ڕۆژە بۆ کوشتاری خەڵکی فەلەستین بەکاریان دێنێ، هەروەها پشتیوانی سیاسی، نیزامی و لۆجستیکی ئەمریکا، حزوور و ڕاوێژی فەرماندە نیزامییەکانی لەگەڵ هێزەکانی ئیسرائیل، هەر هەموویان سەلمێنەری بەشداریی ڕاستەوخۆ و ئاشکرای دەوڵەتی ئەمریکا لەم شەڕەدایە. دەخاڵەتی ئەمریکا هێندە ئاشکرایە کە لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا سەرۆکی ناتۆ ڕایگەیاند کە نابێ ڕاستەوخۆ لەم شەڕەدا بەشدار بین.

تاوانی شەڕ و جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل دژبە خەڵکی فەلەستین، کە بە پاساوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مەترسی ڕەوتی کۆنەپەرستی حەماس لەئارادایە، ڕیشەی لە زیاتر لە حەفتا ساڵ سیاسەتی داگیرکەرانە و ئاپارتایدی ڕەگەزیی دەوڵەتی ئیسرائیل و قەیرانی سیاسی و گەندەڵی سیستماتیکی ناو دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستی نەتانیاهۆدایە. دەوڵەتی ئەمریکا بە پشتیوانی بێ شەرت و مەرجی لە دەوڵەتی ئیسرائیل دژبە خەڵکی ڕەنجدیدەی فەلەستین، هەوڵ دەدات هێژمۆنی لاوازی خۆی لە ڕۆژهەڵات ناوەڕاست بەهێز بکات. ڕێبەرانی دەوڵەتی ئەمریکا ئەم بابەتە ناشارنەوە کە جیهانی یەک جەمسەری و سەردەمی ڕێبەرایەتی ئەمریکا بەسەر جیهان کۆتایی هاتووە. بایدێن لە وتارەکەیدا لە کەمپەینێکی هەڵبژاردندا ڕۆژی ١٧ی ئۆکتۆبەر وتی: "ئێمە بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ لە قۆناغی دوای شەڕدا دەژیان کە زۆر باش بوو. بەڵام ئێستا ئەم قۆناغە کۆتایی هاتووە و ئێمە پێویستمان بە نەزمێکی نوێیە لە جیهاندا". لەڕاستیدا مەبەستی بایدێن ئەوە بوو کە قۆناغی دوای شەڕ بۆ بەرژوەندی ئەمریکا قۆناغێکی باش بوو. بەڵام قۆناغی ئێستا هەڕەشە لە بەرژوەندییەکانی ئەمریکا و هێژمۆنییە جیهانییەکەی دەکات. بۆ نموونە گەشەی دەسەڵاتی چین و لاوابوونی دەسەڵاتی ئەمریکا. هەربۆیە پێویستە لەڕێگەی هێزی نیزامییەوە ڕێبەری ئەمریکا لەئاستی جیهاندا بپارێزرێت.

بێگومان ئەوە کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی جیهانن کە بە گیان و ماڵیان بەهای شەڕی وێرانکەری دەوڵەتانی سەرمایەداری دەدەن. ئەوان یان ڕاستەوخۆ لەم شەڕانەدا دەکوژرێن، یان بە بیانووی شەڕەوە لەلایەن سەرمایەداران و دەوڵەتانی پشتیوانیانەوە هێرش دەکرێتە سەر ژیان و گوزەرانیان و لەگەڵ گرانی و بەرنامەی ڕیازەتی ئابووریی دەوڵەتەکان بەرەوڕوو دەبنەوە. هەر بۆیە چینی کرێکاری جیهان هیچ قازانجێکی لەم شەڕانەدا نییە و پێویستە ماشێنی جەنگ و سەرکوتی دەوڵەتەکانی سەرمایەداری تێکبشکێنێت. گەشەی دووبارەی بزووتنەوەی کرێکاری و ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان لەوانە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری لە ناڕەزایەتی دژبە گرانی، هەڵاوسان، زیادەکردنی حەقدەست و نەگونجاوبوونی لەگەڵ

ڕێژەی هەڵاوسان، تێچووی بەرینی نیزامی لە شەڕی ئۆکراین و داسەپاندنی تێچووی شەڕ بەسەر کرێکاران، و خۆپیشاندانی ملیۆنی خەڵک لە شەقامەکانی ئەمریکا، ئورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شوێنەکانی تری جیهان دژبە کوشتاری خەڵکی غەززە لەلایەن دەوڵەتانی ئیسرائیل و ئەمریکا، مژدەبەخشی ئەوەیە کە هێزی جیهانی کرێکاران دەتوانێ پیلانی شەڕی دەوڵەتانی سەرمایەداری پووچەڵ بکاتەوە و هاوسەنگی هێز بە قازانجی کرێکاران و مرۆڤایەتی ئازادیخواز و یەکسانیخواز بگۆڕێت.

کرێکاران لە هەر شوێنێکی جیهان کە هەن پێویستە خوازیاری ڕاگرتنی دەستبەجێی بۆمبارانی غەززە و کۆتاییهێنان بە تاوانی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل دژبە خەڵکی فەلەستین و هەروەها خوازیاری کۆتاییهێنان بە شەڕی دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان لە ئۆکراین بن. پێویستە بزووتنەوەی دژی شەڕ پەرەبستێنێت. ئەم بزووتنەوەیە پێویستە بۆ ناو ناوەندە سەنعەتی و کرێکارییەکان تەشەنە بستێنێت و لەگەڵ بزووتنەوەی خەباتکارانە و جەماوەریی کرێکاران دژبە نابەرابەری و هەژاری و گرانی گرێ بدرێت. نابێ ڕێگە بدەین دەوڵەتانی سەمایەداری ژیان و گیانی کرێکاران بکەنە قوربانی شەڕی ئیمپریالیستی و نیابەتی خۆیان. تەنها بزووتنەوەیەکی گەورەی جیهانی دژبە شەڕ، تێکەڵ بە ئیعتڕازات و مانگرتنە کرێکارییەکان بەرامبەر بە سیاسەتی دژەکرێکاریی دەوڵەتەکان و بۆ دیفاع لە مافی کرێکاران دەتوانێ جیهان لە دۆزەخی شەڕی کۆنەپەرستانە و سەرمایەدارانە ڕزگار بکات. کۆمۆنیستەکان و تێکۆشەرانی ڕادیکاڵی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە هەر شوێنێک بن، تەنها بە بەشداریی چالاکانەیان لە بزووتنەوەی دژی شەڕ و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران دەتوانن ئاسۆی جیهانێکی ئازاد و یەکسان و بەدوور لە شەڕ و خوێنڕێژی بەرەوڕووی مرۆڤایەتی بکەنەوە.

***

## وتەیەک بەبۆنەی سەرکەوتنی درەوشاوەی کرێکارانی سەنعەتی ئۆتۆمبێلسازیی ئەمریکا

## "ئێمە لە مێژوو فێربووین و هاوکات مێژوو دەخوڵقێنین"

ئەمە ڕستەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتی کرێکارانی سەنعەتی ئۆتۆمبێلسازی ئەمریکا لە ڕۆژی دووشەممە ٣٠ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ بوو. لەم ڕۆژەدا مانگرتنی کرێکارانی سەنعەتی ئۆتۆمبێلسازی لە ئەمریکا بە واژۆی گرێبەستێکی جەمعی لە نێوان " یەکیەتی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازی" و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای "جێنێراڵ مۆتۆرز" سەرکەوتووانە کۆتایی هات. لە ڕۆژانی پێشوودا ڕێکەوتنێکی دەستەجەمعی لە نێوان یەکیەتییەکە و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکانی "فۆرد" و "ستیلانتیس" واژۆ کرابوو. بەپێی ڕێکەوتنی دەستەجەمعی لەگەڵ کۆمپانیای "جەنەراڵ مۆتۆرز" کە ماوەی چوار ساڵ و نیو بەردەوام دەبێت، حەقدەستی کرێکاران بە ڕێژەی ٢٥% زیاد دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە بیست و یەک ساڵی ڕابردوودا کۆی حەقدەستی کرێکاران بە ڕێژەی ٢٣% زیادی کردبوو. جگە لەوەش حەقدەستی کرێکارانی تازەکار بە ڕێژەی ٧٠٪ لە ١٨ دۆلارەوە بۆ ٣٠ دۆلار بۆ هەر کاتژمێرێک زیادی کردووە و حەقدەستی کرێکارانی لێهاتوو بە ڕێژەی ٣٣٪ لە ٣٢.٣٢ دۆلارەوە بۆ ٩٥.٤٢ دۆلار بۆ هەر کاتژمێرێک زیادی کردووە. کرێکارانی گرێبەست دوای تەواوبوونی نەوەد ڕۆژ، لە نێوان ٥١ بۆ ١١٥ لەسەد حەقدستیان زیاد دەبێت. کۆمپانیای "فۆرد" ڕێککەوتنی خۆی بە زیادکردنی ٣٣% ڕاگەیاند و کۆمپانیای "ستیلانتیس"یش زیادکردنی حەقدەستی ٢٥%ی قبوڵکرد. لە ڕاستیدا ئێستا هەموو کرێکارانی کەرتە جیاوازەکان لە ڕێکەوتنێکی دەستەجەمعیدا جێگیرکراون و ئەمەش بەو مانایەیە کە خاڵی کۆتایی دەخرێتە سەر ئەو ڕێککەوتنە جیاوازانەی کە چەکی خاوەنکار بوون بۆ ئەوەی تەفرەقە لە نێوان کرێکارەکاندا دروست بکەن. بێ هۆ نەبوو کە بەڕێوەبەری گشتی سەندیکاکە دوای واژۆکردنی گرێبەستەکە لە پەیامێکی تویتەردا نووسی: " لەدوای مانگرتنەکانی دەیەی سی سەدەی ڕابردوو ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە و بەرین بوو". یەکیەتی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازی، ١٤٦هەزار کەس لە کرێکاران کە لە سەنعەتی ئۆتۆمبێلسازیدا کار دەکەن نوێنەرایەتی دەکات. ئەمە یەکەمجار بوو کە کرێکارانی سێ کۆمپانیا لە یەک کاتدا مانیان گرتبوو.ئەو مانگرتنانەی کە لە شەش هەفتە لەمەوبەرەوە لە سێ غوولی ئۆتۆمبێلسازیی ئەمریکادا دەستی پێکردبوو، بە سەرکەتنی




شکۆدار و درەوشاوەی کرێکاران کۆتایی هات.

ئەم یەکیەتییە مانگرتنەکەی بە "مانگرتنی شۆڕشگێڕانە" ناوبرد. ئەمەش بەمانای گەڕانەوە بۆ سوننەتی مانگرتنی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانی ئۆتۆمبێلسازی لە دەیەی سی سەدەی ڕابردوو بوو کە لەژێرناوی "مانگرتن بە دانیشتن"دا بەڕێوەدەچوون و هاوکات پەیامێکی ئاشکرا بوو بۆ بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکان. لە دوایین ڕۆژی ساڵی ١٩٣٦ەوە ١٣٦ هەزار کرێکاری کۆمپانیای جەنەراڵ مۆتۆرز کارەکانیان وەستاند و بۆ ماوەی ٤٦ ڕۆژ کارخانەکەیان ڕاگرت. بۆ ماوەی ٤٦ ڕۆژی تەواو لەبری ئەوەی دەنگی کانزا و دەنگی سووڕانی چەرخەکان بێت، ئەمجارە دەنگی قسەی کرێکاران لەگەڵ یەکتر و دەنگی یاریی پینگ پۆنگ و دەنگی ئاوازە جەمعییەکانیان دەبیسترا. کرێکاران لە ڕاستیدا بەم مانگرتنە یارییان بە ژیانی خۆیان دەکرد.ئەوان هەم مەترسی دەرکردنیان لەسەر بوو، و هەم خاوەنکاریش دوای شۆکی سەرەتایی هێزی پۆلیسی بۆ سەرکوتکردنی کرێکارەکان نارد.

بیستەکانی سەدەی ڕابردوو ساڵانی بێکاری و چەوساندنەوەی توندی کرێکاران بوو. لەگەڵ قەیرانی جیهانی ساڵی ١٩٢٩، ئەم بێ مافی و چەوساندنەوەیە گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. خاوەنکارەکان ئەو قەیرانەیان کردبووە بیانوو بۆ هێرشکردنە سەر کرێکاران بە شێوەیەکی دڕندانە. لە ڕاستیدا قەیرانی ئابووری جیهانی ساڵی ١٩٢٩ کە یەکێک بوو لە دەرئەنجامەکانی سەرهەڵدانی فاشیزم و جەنگی جیهانی دووەم، بازاڕی کڕینی ئۆتۆمبێلی تۆشی ڕکوودی تەواو کرد. بەمەبەستی ڕوبەڕوبونەوەی ئەو قەیرانە، لە یەکەم کردەوەدا بەڕێوەبەران دەستیان بە دەرکردنی بەرینی کرێکاران کرد و تەنانەت کرێکارەکانی قەدیمیش بوونە قوربانی ئەو دەرکردنانە. ترسی دەرکردن و برسێەتی بووە هۆی ئەوەی کرێکاران بەبێ بەرەنگاربوونەوە تەسلیمی ئەو بارودۆخە فەلاکەتبارە بن. لەگەڵ کۆتایی ساڵانی نەبوونی و برسێەتی، خاوەنکارەکان هەمان سیاسەتی ڕابردووی خۆیان درێژە پێدا.

ئەم هەلومەرجە فەلاکەتبارە ناڕەزایی گشتی کرێکارانی لێکەوتەوە و کرێکاران چاوەڕێی دەرفەتێک بوون بۆ دەستپێکردنی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕین. ئەم دەرفەتە بە پەسەندکردنی یاسای نوێی کار لە ساڵی ١٩٢٥دا پێکهات. بە پێی ئەم یاسایە کرێکاران ڕێگەیان پێدرابوو کە یەکێتی پێکبهێنن و ڕێککەوتنی جەمعی واژۆ بکەن و تەنانەت بۆ لێکۆڵینەوە لە ناکۆکی نێوان خاوەنکار و کرێکار سەردانی دادگا بکەن. ئەمجارەیان بەهۆی بارودۆخی گۆڕدراوەوە ئەوە کرێکاران بوون کە خۆیان بۆ پچڕاندنی زنجیری کۆیلەتی ساڵانی قاتی و برسێەتی و بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەرمایەدارانی زەرووسفەت ئامادە دەکرد. لەو نێوەدا زیاتر لە هەموان کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێلسازی بەرامبەر هەر هەوڵێکی کرێکاران لەپێناو ڕێکخستندا موقاومەتیان دەکرد. سیخوڕەکانی خاوەنکار لە نێو کرێکاراندا خاوەنکاریان لە هەموو هەوڵێک بۆ دروستکردنی ڕێکخراو ئاگادار دەکردەوە. بەپێی ڕاپۆرتەکان، لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٣تا ١٩٣٦، کۆمپانیای جەنەراڵ مۆتۆرز بە تەنیا یەک ملیۆن دۆلاری بۆ ئامێرە ئەمنییەکان و کۆنترۆڵی کرێکاران خەرج کردبوو. سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانە کرێکاران بە نهێنی دەستیان کرد بە ڕێکخستن و دواجار "یەکیەتی کرێکارانی ئۆتۆمبێل"یان دروست کرد. یەکیەتی تازەلاو بە تێگەیشتن لە نەبزی شۆڕشگێڕانە لەناو کرێکاران، ئەوانی بانگەشەی بەڕێوەبردنی "مانگرتن بە دانیشتن" کرد. لەڕاستیدا ئەم تاکتیکە لە ئەگەری گواستنەوەی ئامێرەکانی ناو کارخانە لەلایەن بەڕێوەبەرانەوە ڕێگریی دەکرد. بەڕێوەبەرانی "جەنەراڵ مۆتۆرز" سکاڵایان لە دادگا تۆمارکرد و فەرمانی کۆتاییهێنان بە مانگرتنەکەیان وەرگرت. بەڵام کرێکاران ملکەچی حوکمی دادگا نەبوون. دەستبەجێ

هێزی سەرکوتکەر ڕەوانەی کارخانە کران. ئەمجارە کرێکاران بە هەموو ئامرازێکی بەردەست خۆڕاگرییان کرد. عەزم و ئیرادەیان پاشەکشەی بە هێزەکانی پۆلیس کرد و بەم شێوەیە کرێکاران یاسای خۆیان کردە واقیع. خۆڕاگری کرێکاران و کشانەوەی پۆلیس خاوەنکاری ناچار کرد بێتە سەر مێزی دانوستان و حەقدەستەکان زیاد بکات. لە ١١ی فێوریەی ١٩٣٧ سەد و سی و شەش هەزار کرێکاری بەشداری مانگرتن و سەرکردەکانی مانگرتن کە زۆرینەیان کرێکاری کۆمۆنیست بوون، بە ئاوازی بەکۆمەڵی "هاوپشتی بۆ هەتا هەتایە" ڕێپێوانی سەرکەوتنیان لە شارەکەدا دەستپێکرد. توانیان لە ماوەی چل و چوار ڕۆژدا بەرهەمهێنانی دوو سەد و هەشتا هەزار ئۆتۆمبێل ڕابگرن. ئەمە یەکەم سەرکەوتنی گەورەی بزووتنەوەی سەندیکایی بوو لە ئەمریکا.

دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنی دەستەجەمعی ڕۆژی دووشەممە ٣٠ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ لەگەڵ کۆمپانیای جەنەراڵ مۆتۆرز، بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتییەکە ڕایگەیاند کە "مانگرتنی شۆڕشگێرانە لاپەڕەیەکی نوێیە لە مێژووی ئێمەدا". ئێمە توانیمان بە کۆنسێرنەکان و بە ڕای گشتی ئەمریکا و بە هەموو جیهانی نیشان بدەین کە چینی کرێکار لەناو نەچووە. ئێمە تازە دەستمان پێکردووە. ئێمە لە مێژوو فێر دەبین و لە هەمان کاتدا مێژوو دەخوڵقێنین. بێگومان ئەو حەقیەتی کە باس لە دروستکردنی مێژوو دەکات. چونکە خەبات بۆ بردنەسەری حەقدەست خەباتێکی مێژوویی و هەمیشەیی چینی کرێکارە کە ئاکامەکەی هێز و خۆڕاگری و ئاستی ڕێکخستن و ڕێبەریی وشیاری ئەم چینە دیاری دەکات.

***

## سیاسەتە دژەکرێکارییەکانی ڕژیمی ئیسلامی سەرمایەداران بێ وڵام ناهێڵێتەوە

ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی مانگی خەزەڵوەر "سەولەت مۆرتەزەوی" وەزیری تەعاون، کار و ڕەفاهی ڕژیمی ئیسلامی لە پەراوێزی کۆبوونەوەی هەیئەتی دەوڵەتدا بۆ جارێکی دیکە سەبارەت بە بردنەسەری لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران لە میانەی ساڵدا ڕایگەیاند: "یاسادانەر دیاریی کردووە کە شۆرای باڵای کار لانیکەمی مووچە و حەقدەست دیاری بکات. ئێمە لانیزۆری حەقدەستمان دیاری نەکرد، لانیکەمی حەقدەستمان دیاری کرد. ڕێکەوتنی نێوان کرێکار و خاوەنکار هەرچی بێت لەلایەن وەزارەتخانەشەوە تەئیید دەکرێت. دەوڵەت ئەمساڵ بەرنامەیەکی بۆ پێداچوونەوە بەسەر لانیکەمی حەقدەستدا نییە". ئەم وتانەی کارگێڕی ڕژیمی دژەکرێکاری ئیسلامی بەدوای ئەوەدا بەیان دەکرێ کە ڕۆژی دووشەممە ٨ی مانگی خەزەڵوەر کۆبوونەوەی شۆرای باڵای کاری ڕژیمی ئیسلامی بەڕێوەچوو و لەم کۆبوونەوەیەدا باسێک لە بردنەسەری حەقدەستی کرێکاران نەکرا. ئەم بابەتە لەلایەن کرێکارانەوە ناڕەزایەتی لێکەوتووەتەوە. ئەم وەزیر و کارگێڕەی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران وتبووی کە: "نوێنەرانی ڕەسمی کرێکاریی بەشدار لە کۆبوونەوەی ڕۆژی دووشەممە ڕایانگەیاندووە کە بەشوێن بردنەسەری ئاستی حەقدەستەوە نین بەڵکوو ئامانجیان ئەوەیە کە سەبارەت بە باشترکردنی بژێوی کرێکاران گفتوگۆ بکەن". یەکەم، کەسانێک کە لە شۆرای باڵای کاری ڕژیمدا دیاری کراون، لەلایەن کرێکارانەوە هەڵنەبژێردراون و بە هیچ شێوەیەک بە نوێنەری کرێکاران ئەژمار ناکرێن بەڵکوو لە جنسی نوێنەرانی خودی ڕژیم و خاوەنکارانن. دووهەم، کرێکاران و نوێنەرانی ڕاستەقینە چۆن دەتوانن بەشوێن بردنەسەری حەقدەستەوە نەبن و بە حەقدەستی چوار بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری ڕەزایەت بدەن؟ خواستی ئێستای کرێکاران بۆ بردنەسەری حەقدەست لە حاڵێکدا لەئارادایە کە لە مانگی ڕەشەممەی ئەمساڵدا، دوای ئەوەیکە تەنها ٢٧ لەسەدی لانیکەمی حەقدەست زیاد کرا، کرێکاران دەستیان دایە ناڕەزایەتی بەرین و ڕژیم لە ترسی پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری بەتایبەت لە گەرمەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرانسەریدا بەڵێنی دا کە "ئەگەر لەماوەی ئەمساڵدا ڕێژەی تەوەرۆم و هەزینەی سەبەدی مەعیشەت دیسان بەرز بووەوە، لانیکەمی حەقدەست زیاد دەکات". بەڵام ئێستا کە حەوت مانگ لە دەستپێکی ساڵ تێپەڕیوە و نرخی هەموو کاڵا ویێویستەکانی ژیانی خەڵک بەشێوەیەکی یەکجار بەرین بەرز بووەتەوە و هێڵی هەژاری گەیشتووەتە سەرووی ٣٢ ملیۆن تمەن، ڕژیمی ئیسلامی بەڵێنی بردنەسەری لانیکەمی حەقدەست بە پاساوی پێدانی بۆنی بێبایەخی خاروبار، لەژێرناوی "ڕەفاهیات"، پشتگوێ دەخات.

دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران کە لەگەڵ قەیرانی قووڵی ئابووری بەرەوڕووە، لەماوەی ئەمساڵیشدا نەتەنها نەیتوانیوە دروشمی پووچ و بێ ناوەڕۆکی عەلی خامنەیی واتە "ساڵی کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان و گەشەی بەرهەمهێنان" وەدی بهێنێت بەڵکوو بە چاپکردنی نابەجێی پارە و ڕەوانە کردنی بۆ ناو بازاڕ، ڕیاڵی بێ بایەختر لە ڕابردوو کردووە. گرانی و تەوورۆمێکی بەرینتری بەسەر بازاڕدا سەپاندووە و ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خەڵکی بێبەشی ئێرانی زیاتر لە ڕابردوو سەخت و دژوار کردووە. ئیبراهیم ڕەئیسی قاتڵ و کارگێڕانی دەوڵەتە گەندەڵەکەی، بە دانی ئامار و ئەرقامی بەئاشکرا درۆ و ناڕاست، بێشەرمانە ئیدیعای کۆنترۆڵکردن و هێنانەخواری ڕێژەی تەوەرۆم دەکەن. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە کارناسان و ناوەندە ماڵییەکانی بەدەر لە بازنەی ڕژیم ڕایانگەیاندووە کە لەماوەی حەوت مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا ڕێژەی تەوەرۆم لە سەرووی ٥٠ لەسەدەوە بووە و حکوومەتی ئیسلامی لەگەڵ کەسری بوودجەی ٤٠٠ هەزار ملیارد تمەنی بەرەوڕوو بووەتەوە. سەرۆکی نوێی سازمانی بەرنامە و بوودجەی ڕژیم، کەسریی بوودجەی ٥٠ لەسەدیی دەوڵەتی بۆ بەراوردی هەڵەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی حەواڵە کرد و بۆ پاساوی درێژەی ئەم قەیرانە بەرینە ئابوورییە وتی کە داهاتەکانی دەوڵەت لە حەوت مانگی ڕابردوودا ٣٠ لەسەد لە پێشبینییەکانی بوودجە کەمتر بووە. واتە ٧٠ لەسەدی گشت داهاتەکانی سەرچاوەگرتوو لە فرۆشتنی نەوت و هەڕاجی ڕانتی ئەموالی کۆمەڵگا، کە ڕژیم ناوی ناوە "مولدسازیی داراییەکانی دەوڵەت"، نەخراونەتەوە ناو سندووقی دەوڵەتەوە و چوونەتە شوێنەکانی ترەوە.

ئەگەرچی ڕەوتی شڵەژاو و قەیراناویی بواری ئابووری لە حکوومەتی گەندەڵی کۆماری ئیسلامیدا بابەتێکی تازە نییە، بەڵام ڕژیم ئەمساڵیش لە هەوڵی ئەوەدایە تا کەسری بەرینی بوودجە بە قەرز وەرگرتن لە بانک و بە چاپی پارەی بێ



پشتیوانە و بە تاڵانکردنی سندووقەکانی خانەنشینی دابین بکات. ئەمەش بووەتە هۆی چوونەسەری ئاستی نەختینە، گرانی و تەوەرۆمی زیاتر و لەڕاستیدا بەسەر سفرەی بەتاڵی کرێکاران و خەڵکی بێبەشی کۆمەڵگادا سەپاوە. بەپێی ئێعترافی بانکی ناوەندی هەتا کۆتایی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ڕابردوو دەوڵەتی ڕەئیسی ٧٠٠ هەزار ملیارد تمەنی لە بانک و دامەزراوە ماڵییەکان قەرز کردبوو. لە پێوەند لەگەڵ چاپی پارەی بێ پشتیوانە، ناسر هیمەتی سەرۆکی پێشووی بانکی ناوەندی لە دەوڵەتی ڕووحانی لە کۆنگرەی بەناو "کارگێڕانی سازەندەگی" و لە ڕەقابەتی جەناحیی ناو ڕژیمدا ئاشکرای کرد کە: "تەنها لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ٢٨٠ هەزار ملیارد تمەن پارە لە ناوخۆی ئێراندا چاپ کراوە. ئەو ڕوو بە کارگێڕانی دەوڵەتی ڕەئیسی وتی: "ئێستا هەر دروشم بدەن کە تەوەرۆمتان کۆنترۆڵ کردووە، مەگەر دەتوانن بە دانی ئەم ئامارانە تەوەرۆم کۆنترۆڵ بکەن؟"

بێگومان وەها کردەوەیەک لەلایەن دەوڵەتەوە بەمانای دارمانی ئابووری دەسەڵاتی ئیسلامییە. ڕژیمی دیکتاتۆر و گەندەڵی ئیسلامی سەرمایە لە ئێران کە توانای وڵامدانەوەی بە خواستی کرێکاران، خانەنشیان، مامۆستایان، پەرستاران، ژنان، لاوان و باقی توێژە بێبەشکراوەکانی کۆمەڵگا نییە، بە ئامانجی درێژەی دەسەڵاتی نگریسی لای وایە کە دەتوانێ بە سەرکوت

و زیندان و کوشتار بەرەنگاریان بێتەوە. بەڵام ئایا لە جەرگەی قەیرانی بێکاری و ڕکوودی بەرینی ئابووری و داسەپاندنی حەقدەستی چوار قات ژێر هێڵی هەژاری بەسەر کرێکاران دەتوانێ بەم ئامانجەی بگات؟ لە بارودۆخێکدا کە ڕژیم هەموو ڕۆژێ لەگەڵ مانگرتنی کرێکارن و مامۆستایان، یەکشەممە و دووشەممە و سێشەممەکانی نارەزایەتی خانەنشینان و خەباتی بوێرانەی ژنانی تێکۆشەر و ئازادیخواز بۆ ڕزگاری لە ستەم و نابەرابەری و لاوانی بێکار و وەگیانهاتوو بەرەوڕوویە، ئایا دەتوانێ لە چنگیان ڕزگاری بێت؟ بێگومان دوور نییە ئەو ڕۆژەی کە بە پێشڕەویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و سەرانسەری و بە پەرەسەندنی مانگرتنی سەرانسەری و یەکپارچەی کرێکاران بیساتی ڕژیمی دیکتاتۆری و جەهل و خورافەی ئیسلامیی سەرمایە بۆ هەمیشە لە ئێران تێکەوەپێچرێت و یەکێک لە گرینگترین بنکەکانی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست برووخێت.

❊❊❊

پێشڕەو

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

tashkh@cpiran.org

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧

# پەرەسەندنی نارەزایەتیی کرێکارانی سەنعەتی نەوت و گاز

لەماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا مانگرتن و کۆبوونەوەی نارەزایەتی کرێکارانی سەنعەتی نەوت و گاز بەردەوام بووە و پەرەی سەندووە. لە درێژەی ئەم مانگرتنانەدا، ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی مانگی خەزەڵوەر کرێکارانی سەنعەتی نەوت و گازی شیرکەتی بەهرەبەرداریی جنووب لە ئاغاجاری کۆبوونەوەی نارەزایەتییان بەڕێوەبرد. ئەم کۆبوونەوەیە هاوکات بوو لەگەڵ کۆبوونەوەی نارەزایەتیی خانەنشینانی سەنعەتی نەوتی ئەهواز و خانەنشینانی تەئمینی ئیجتماعی شووش کە لە نارەزایەتی بە بارودۆخی نالەباری بژێو و دزیکردنی دەوڵەت لە سندووقەکانی خانەنشینی بەڕێوەچوو. کرێکارانی خانەنشینکراو لەم نارەزایەتییانەدا بە وتنەوەی دروشمی بەهێز دژبە حکوومەتی ئیفلاسی کۆماری ئیسلامی خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی یاسای دەوڵەت سەبارەت بە تێکەڵکردنی سندووقەکانی خانەنشینی و باقی خواستەکانیان بوون.

ڕۆژی سێشەممە ١٦ مانگی خەزەڵوەر کرێکارانی تازەدامەزراوی وەزارەتی نەوت لە چەندین ناوچە لەوانە "ئەروەندان"، "زاگرۆسی جنووبی"، "میللی حەفاری"، "پاڵاوگەی داڵان"، "نەوت و گازی ئاغاجاری"، "نەوت و گازی چشمە خوش" لە نارەزایەتی بە کەمبوونی حەقدەست و مەزایا و جێبەجێ نەکرانی خواستەکانیان لەلایەن خاوەنکارانەوە دەستیان لە کار کێشاوە و کۆبوونەوەی نارەزایەتییان بەرپا کرد. دوو ڕۆژ پێشتر واتە ڕۆژانی یەکشەممە ١٤ و دووشەممە ١٥ی خەزەڵوەریش کرێکارانی بواری نەوت، گاز و پێترۆشیمی جنووب لەوانە شیرکەتی ئارمە نۆوی پێترۆشیمی چابەهار، شیرکەتی وەبەرهێنانی نەوت و گازی ئاغاجاری، شیرکەتی نەوتی فەلاتی قارە لە جەزیرەی خارک، شیرکەتی نەوتی فەلاتی قارە لە سیری و شیرکەتی ناوچە نەوتییەکانی ئەهواز، هاوکات دەستیان دایە مانگرتن و کۆبوونەوەی نارەزایەتی. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە هەفتەیەک پێشتریش لە ڕۆژی ٧ی مانگی خەزەڵوەردا کرێکارانی ڕەسمی وەزارەتی نەوتی ڕژیم لە شیرکەتی "فەلاتی قارە" لە ناوچەی خارک و سیری دەستیان لە کار کێشایەوە و کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتیی بەرینیان بەڕێوەبرد. ڕۆژی دواتری واتە ٨ی خەزەڵوەر کرێکارانی پێترۆشیمی ئابادانیش بە مانگرتن و نارەزایەتیی کرێکاران پەیوەست بوون.

داخوازیی کرێکارانی نەوت و گاز و کرێکاران و خانەنشینان لەم کۆبوونەوە نارەزایەتییانە و داخوازیی خانەنشینان لە یەکشەممە و دووشەممە و سێشەممەکانی نارەزایەتی بریتین لە: لابردنی سەقفی حەقدەست، گەڕاندنەوەی ماڵیاتی زیادی وەرگیراو، هەڵوەشاندنەوەی یاسای دژەکرێکاری "جیاکردنەوەی ناکارناسانەی پیشە لە ناوچە عەمەلیاتییەکان"، دانی حەقدەستی دواخراوی مانگەکانی پێشوو، لابردنی بەربەست لە پێدانی حەقی سەنەواتی خانەنشینی و دزی نەکردن لە سندووقی خانەنشینی کرێکارانی نەوت، جێبەجێکردنی ماددەی ١٠ی یاسای کار کە بریتییە لە (بیمە کردنی کرێکاران و تۆمارکردنی سەعاتەکانی کار، پشوو و هیتر). پێویستە بوترێ کە سێ هەفتە لەمەوبەریش کرێکارانی ڕەسمی شیرکەتی وەبەرهێنانی نەوت و گازی ئاغاجاری و کرێکارانی شیرکەتی نەوتی فەلاتی قارە لە سەکۆ نەوتییەکانی فرووزان، ئەبووزەر و بهرگانسەر، هەر بەم خواستانەوە بەشێوەی هاوکات و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دەستیان لە کار کێشایەوە و نارەزایەتییان بەڕێوەبرد.



مانگرتن و نارەزایەتی کرێکارانی سەنعەتی نەوت و گاز دژبە بارودۆخی نالەباری ژیان و نەدرانی حەقدەستی چوار قات ژێر هێڵی هەژاری و معەوەقاتی پێنج مانگی ڕابردوو لە بارودۆخێکدا بەڕێوە دەچێت کە دەزگای سەرکوتی ئەمنی و نیزامی کۆماری ئیسلامی لەئاست پەرەسەندنی ئەم مانگرتن و نارەزایەتییانە بۆ بەشەکانی تر نیگەرانە و بە هەڕەشە و ترساندن و دەستبەسەرکردنی چالاکانی کرێکاری هەموو هەوڵێکی بۆ ڕێگریکردن لە بەڕێوەچوونی ئەم نارەزایەتییە کرێکارییانە بەکارهێناوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانە، چوونەسەری ڕۆژانەی نرخی پێداویستی کرێکاران و لەخوارێبوونی ئاستی حەقدەست کە تەنانەت سەری وەختیش نادرێ، ڕێگایەکی بێجگەلە نارەزایەتی و مانگرتن بۆ کرێکاران نەهێشتووەتەوە. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە حکوومەتی ئیسلامی و خاوەنکارانی سەربە ڕژیم بەرەوڕووی بنبەست و قەیرانێکی قووڵی ئابووری بوونەتەوە و توانای وڵامدانەوە بە داخوازی کرێکارانیان نییە. لە وەها بارودۆخێکدا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵی خۆی دەدات تا بە زاڵکردنی کەشوهەوای تەبلیغاتی شەڕی ئیسرائیل و حەماس، خواستی کرێکاران و باقی توێژە بێبەشکراوەکانی کۆمەڵگا پەراوێز و پشتگوێ بخات. بێگومان لە بارودۆخێکدا کە هەژاری و برسیەتیی بنەماڵە کرێکارییەکان گەیشتووەتە ئاستێکی لەتاقەت بەدەر، ئامرازی فریو و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی و هەڕەشە و کوشتار و زیندان و ئەشکەنجە ناتوانێ لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری ڕێگری بکات. قەیرانی ئابووری ڕژیمی سەرمایەداری و دزی و گەندەڵی بەرینی ڕێبەران و کارگێڕانی کۆماری ئیسلامی، هەڵاواردن و بۆشایی چینایەتی لەئاستی کۆمەڵگا بەردەوام قووڵتر کردووتەوە. باندە مافیاکانی دەسەڵات و دەست و

پێوەنـدە مفتەخۆرەکانـی ڕژێـم ملیۆنهـا دۆلاریـان لـە بەرهەمـی ڕەنـج و کاری کرێکارانـەوە خسـتووەتە نـاو حیسـابە بانکییەکانیـان و لـە ڕەفـاە و ئاسایشـدا بەسـەر دەبـەن. کرێکارانـی پێترۆشـیمی ئابـادان لــە مانگرتــن و نارەزایەتیــی ڕۆژی دووشــەممە ٨ی مانگـی خەزەڵـوەردا بەدروسـتی دژبـە ئـەم جیاوازییـە بەرچـاوەی حەقدەسـت و داهـات نارەزایەتییـان دەربـڕی و ڕایانگەیانـد: "مودیـری شـیرکەتەکان حقووقـی نجوومـی وەردەگـرن". ئاشـکرایە کـە ئـەم "حقووقـە نجوومییانـە" لـە بەرهەمـی ڕەنـج و کاری ئـەو کرێکارانـەوە دابیـن دەکـرێ کـە شـەو و ڕۆژ لـەو شـیرکەتەدا کاری سـەخت و زیانبـار دەکـەن بـەڵام ژیـان و گوزەرانیـان نۆقمـی هـەژاری و برسـیەتی کـراوە.

ئـەم بارودۆخـە فەلاکەتبـارە پێویسـتە بگۆڕدرێـت. بـەڵام کـەس بێجگەلـە هێـزی مـەزن و ڕێکخـراوی خـودی کرێـکاران و بێبەشـکراوانی کۆمەڵـگا ناتوانـێ ئـەم بارودۆخـە بگۆڕێـت. پەرەسـەندنی نارەزایەتـی و مانگرتنـی ڕێکخـراو و یەکگرتووانـەی کرێـکاران بەتایبـەت لـە بەشـی سـەنعەتی سـەرەکی وەک نـەوت و گاز و پێترۆشـیمی بەسـتێنێکی گونجـاو بـۆ پێگەیشـتنی بزووتنـەوەی کرێـکاری و پێکهاتنـی ڕێکخراوەکانـی چینایەتـی و جەماوەریـی کرێکارانـە. گۆڕینـی ئـەم بارودۆخـە سـەخت و دژوارەی ژیـان لـە هەنـگاوی یەکەمـدا لـە گـرەوی تەعـەڕۆزی سـازماندراوی کرێـکاران بۆسـەر حکوومەتـی ئیسـلامی سـەرمایەداراندایە. کۆمـاری ئیسـلامی لەئێسـتادا لـە خراپتریـن پێگـەی سیاسـی، ئابـووری، کۆمەڵایەتـی و نێونەتەوەییدایـە و تەعـەڕوزی سەرانسـەری کرێـکاران بەتایبـەت لـە ناوەنـدە سـەرەکییەکانی بەرهەمهێنـان و هاوڕێکردنـی بەشـەکانی دیکـەی بزووتنـەوە پێشـڕەوە کۆمەڵایەتییـەکان دەتوانـێ ئـەم ڕژێمـە دژەکرێکارییـە ناچـار بـە پاشەکشـە بـکات و سـەرەنجام خەڵکـی سـتەمدیدەی ئێـران و ناوچەکـە لـە چنـگ ئـەم دەسـەڵاتە ئیسـلامیە جەنایەتـکارەی سـەرمایەداری ڕزگار بـکات.

❊❊❊

## مرۆڤایەتیی ئازادیخواز و یەکسانیخواز دژی جینۆساید و تاوانەکانی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە

پێنـج هەفتەیـە کـە دەوڵەتـی ڕەگەزپەرسـت و داگیرکـەری ئیسرائیـل خەڵکـی فەلەسـتینی لـە کەرتـی غـەززە بـە پاسـاوی بەرەنگاربوونـەوە لەگـەڵ مەترسـی تیرۆریزمـی ڕێکخـراوی حەمـاس خسـتووتە ژێـر بۆردومانێکـی قـورس و بەردەوامـەوە. بێگومـان هێرشـی ڕەوتـی ئیسـلامی حەمـاس لـە حەوتـی ئۆکتۆبـر بۆسـەر خەڵکـی سـیڤیلی ئیسرائیـل جەوهـەری تەوەحوشـێکە کـە هەمـوو ڕەوتەکانـی ئیسـلامی سیاسـی لـە خۆیـان نیشـانی دەدەن. هیـچ جیاوازییەکـی نییـە کـە ئـەم وەحشـیگەرییە لـە قامەتـی حکوومەتـی ئیسـلامی لـە ئێرانـدا بێـت کـە مێـژووی بـە کوشـتار و خوێـن نـووسراوە و یـان جەنایاتـی حکوومەتـی ئیسـلامی ئەدۆغـان دژی خەڵکـی کوردسـتان و یـان تەوەحوشـی "داعـش" لـە سـووریە و عێـراق و قەتڵوعامـی "ئیزەدییـەکان" و یـان تەوەحوشـی "بوکوحـەرام" و یـان "ئەلشـەباب" لـە سـوومالی و سـوودان.

بـەڵام وەڵامـی دەوڵەتـی ڕەگەزپەرسـتی ئیسرائیـل بـەم هێرشـەی حەمـاس، هەمـوو سـنوورەکانی وەحشـیگەری و بەربەریەتـی تێپەڕانـدووە. نەتانیاهـۆ لـە هەمـان ڕۆژی یەکەمـەوە ڕایگەیانـد کـە "ئێمـە لـە شـەڕ دایـن ... وڵامـی ئێمـە سـیمای ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەگۆڕێـت و دەرسـێک دەبێـت بـۆ نەسـلی داهاتـوو". بەئاشـکرا دەیگـوت کـە کارەسـاتێکی ترسـناکی ئینسـانی بەڕێوەیـە. لەئێسـتادا پێنـج هەفتەیـە شـەڕ و کوشـتار و وێرانـکاری بەردەوامـە. هەمـوو هەوڵـەکان بـۆ ڕاگرتنـی تاوانەکانـی شـەڕی ئیسرائیـل بـێ ئـاکام ماوەتـەوە. دەوڵەتـی ئیسرائیـل داوای لـە خەڵکـی باکـووری غـەززە کـرد کـە باکـوور چـۆڵ بکـەن و بـەرەو باشـوور بـڕۆن. بـەڵام هـەم مەسـیری ئـەوان و هـەم ناوچەکانـی باشـوور بـەردەوام بۆمبـاران دەکات. هیـچ گۆشـەیەک لـە غـەززە تەنانـەت نەخۆشـخانەکانیش لـە بۆمبـاران لەئەمانـدا نیـن. مـاڵ، خوێنـدگا، نەخۆشـخانە و هـەر شـوێنێک کـە خەڵـک پەنـای بـۆ دەبـات هێرشـی دەکرێتـە سـەر. هێـزە زەمینییەکانـی دەوڵەتـی داگیرکـەری ئیسرائیـل مەسـیری تێپەڕینـی خۆیـان پاکسـازی دەکـەن. تەنهـا زەویـی سـووتاو لـە دوایـان بەجێدەهێڵـن. „ڕێکخـراوی نێونەتەوەیـی داکۆکـی لـە منداڵان" ڕایگەیانـد کـە بەشـێوەی مامناوەنـد ڕۆژانـە سـەد و هەشـتا منـداڵ دەکوژرێـن و هەتـا ١٠ی مانگـی نوامبـر چـوار هـەزار و ٥٠٠ منـداڵ گیانیـان لەدەسـت داوە. ئـەم ژمارەیـە لـە ژمـارەی هەمـوو ئـەو منداڵانـەی کـە لـە سـاڵی ١٩٦٧ەوە هەتـا ئێسـتا لـە لێـواری ڕۆژئـاوا و کەرتـی غـەززە کـوژراون زیاتـرە. بەڕێوەبـەری گشـتیی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ڕایگەیانـد کـە "غـەززە بووەتـە گۆڕسـتانی منـداڵان". لـەم ماوەیـەدا زیاتـر لـە ١١ هـەزار کـەس لـە غـەززە بوونەتـە قوربانـی ئـەم شـەڕە ترسـناکە. هـاوکات ڕێکخـراوی غەیـری دەوڵەتـی "ناوەنـدی زانیـاری مافـی مرۆڤـی ئیسرائیـل" لـە ڕاپۆرتێکـدا نووسـی "ناوچەکانـی لێـواری ڕۆژئـاوا ئیـتر بوونیـان نییـە و دانیشـتووانی لەلایـەن گوندنشـینە توندڕەوەکانـەوە دەرکـراون". ئـەم ڕێکخـراوە تەنهـا لـە مـاوەی ٧ تـا ١٩ی ئۆکتۆبـردا ٩٨ بنەماڵـەی بـە ٥٥٢ ئەندامـەوە بـژاردووە کـە ١٧٣یـان منـداڵ بـوون. ئـەم ڕێکخـراوە لـە ڕاگەیاندنەکەیـدا داوا لـە کۆمەڵگـەی نێونەتەوەیـی دەکات کـە هەمـوو هەوڵیـان دەسـتبەجێ بخەنـە کار و بـەر بـەم هێرشـە بگـرن کـە بـە پشـتیوانی دەوڵەتـی ئیسرائیـل ئەنجـام دەدرێـت و بووەتـە هـۆی کۆچـی زۆرەملـێ فەلەسـتینییەکان.

هەمـوو ئـەو ڕاپۆرتانـە کـە لـە ئۆرگانەکانـی سـەربە ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و میدیـا سـەربەخۆکانەوە سـەبارەت بـە زیندانـی گـەورەی غـەززە بـڵاو دەبێتـەوە، وەبیرهێنـەرەوە و هاوشـێوەی کـردەوەی نازییەکانـە دژبـە ڕاپەڕینـی دانیشـتووانی "گێتـۆی وارشـۆ". "گێتـۆی وارشـۆ" گەورەتریـن گێتـۆی ژێـر کۆنترۆڵـی نازییـەکان لـە شـەڕی جیهانـی دووهەمـدا بـوو کـە نزیـک بـە سێسـەد هـەزار کـەس واتـە کەمـتر لـە یـەک لەسـەر حەوتـی دانیشـتووانی غـەززە تێیـدا دەژیـان. لـە هاوینـی ١٩٤١دا دەرکردنـی بەرینـی ئـەم گێتۆیـە دەسـتی پێکـرد و لەمـاوەی دوو مانگـی هاوینـی ١٩٤٣دا لانیکـەم ٢٥٤ هـەزار کـەس لـە دانیشـتووانی بـۆ کەمپـی "ترێبلیـکا" ڕاگوێـزران و هـەر لەوێـش کـوژران. کاتێـک هەواڵـی کۆمەڵکوژیـی "گێتـۆی وارشـۆ" بـڵاو بـووەوە کۆمەڵێـک لـە بەجێماوانـی ئـەم کوشـتارە کـە زۆربەیـان لاوان بـوون، ڕێکخراوێکیـان لەژێرنـاوی "ڕێکخـراوی خەباتکارانـی یەهـوودی" پێکهێنـا. ئـەم ڕێکخـراوە لـە ڕاگەیاندنێکـدا داوای لـە یەهوودییـەکان کـرد تـا لـە بەرابـەر واگۆنەکانـی قەتـار کـە یەهوودییەکانیـان بـۆ کەمپەکانـی مـەرگ دەبـرد، موقاومـەت بکـەن. نـۆزدەی ئاوریلـی ١٩٤٣ دوای ئەوەیکـە سـەربازان و پۆلیسـی دەوڵەتـی فاشیسـتی ئاڵـمان بـۆ دوورخسـتنەوەی باقـی دانیشـتووان چوونـەوە نـاو گێتـۆ، ڕاپەڕینـی گێتـۆی وارشـۆ دەسـتپێکرد. ئـەم ڕاپەڕینـە لـە ١٦ی مـەی ١٩٤٣دا کۆتایـی هـات. ئاڵمانییـەکان بەرەبـەرە ئـەم موقاومەتەیـان تێکشـکاند. لـە پەنجـا و شـەش هـەزار یەهوودیـی بەدیلگیـراو نزیکـەی حـەوت هەزاریـان کـوژران و باقیەکەشیان ڕەوانـەی ئوردووگاکانـی مـەرگ کـران.




لەئێستاشـدا، لـە بەرابـەر ئـەم جەنگـە ترسـناکەدا هەمـوو دەوڵەتـە ئیمپریالیسـتەکانی ڕۆژاوا لـە ئیسرائیـل پشـتیوانی دەکـەن و بوونەتـە بڵینگـۆی دەوڵەتـی ڕەگەزپەرسـت. ئـەم دەوڵەتـە ڕەگەزپەرسـتە ڕێگـەی پێـدرا تـا بەنـاوی دیفـاع لـە خـۆی دەسـت بـۆ هەمـوو جـۆرە تاوانێـک بەریـت و هەمـوو دەوڵەتـە ئیمپریالیسـتەکان ئاگاهانـە فەرامۆشـیان کـرد کـە بـاس لـە زەمینەی واقعـی ئـەم شـەڕە ترسـناکە بکـەن کـە ڕیشـەی لـە مێـژووی خوێنـاوی زیاتـر لـە حەفتـا سـاڵ داگیرکاریدایـە. گۆیـا شـەڕی نێوان خەڵکـی فەلەسـتین و دەوڵەتـی داگیرکـەری ئیسرائیـل بـە هێرشـی تیرۆریسـتی حەمـاس لـە حەوتـی ئۆکتۆبـر دەسـتپێکردووە. ئاگاهانـە فەرامـۆش کـرا کـە هەمـوو بڕیارنامەکانـی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ گەڕاندنـەوەی دەوەڵەتـی ئیسرائیـل بـۆ سـنوورەکانی بـەر لـە ١٩٦٧ و گەڕانـەوەی زیاتـر لـە چـوار و نیـو ملیـۆن فەلەسـتینی و پێکهێنانـی دەوڵەتـی فەلەسـتین لـە هەمـوو ئـەم ساڵانەدا پێشـێلکراوە. بـەڵام هەمـوو ئـەم تەبلیغاتـە بەرینـە و قوربانـی کردنـی حەقیقەتـە مێژووییـەکان زۆر زوو بەهـۆی جەنایاتـی خۆفناکـی ڕژێمـی داگیرکـەری ئیسرائیـل لـە حەوتـی ئۆکتۆبـرەوە بـەرەو ئەمـلا و بـە هاتنـە مەیدانـی بەشـێگی گـەورە لـە مرۆڤایەتیـی ئازادیخـواز و بەرابەریتەڵـەب، پووچـەڵ

بوونەوە. ڕێپێوانی ملیۆنی تەنانەت لە وڵاتانی ئیمپریالیستی ڕۆژاوا، ڕاگەیاندنی ئاشکرای هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی ئیسرائیل و ڕاگەیاندنی ڕق و بێزاری لە دەوڵەتی ڕەگەزپەرست بوو. بانگەوازی ١٦ی ئۆکتۆبری یەکیەتیی کرێکارانی فەلەستین لەلایەن یەکیەتییە کرێکارییەکانەوە پێشوازیی لێکرا. هێندێک لە ناوەند و ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە ئەمریکا هاوپشتی خۆیان لەگەڵ کرێکارانی فەلەستین ڕاگەیاند. چوار یەکیەتیی کرێکاری لە بلژیک لە بانگەوازێکدا داوایان لە ئەندامانی خۆیان کرد کە لە گواستنەوەی کەرەستەی جەنگیی ئیسرائیل خۆ ببوێرن. ئەوان لە بانگەوازەکەیاندا نووسییان: „ئێمە وەک یەکیەتیی کرێکاری لەگەڵ کەسانێکین کە بۆ ئاشتی خەبات دەکەن“. „ یەکیەتییە پایەییەکان“ لە ئیتالیاش بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازێک ڕوو بە یەکیەتیی کرێکارانی فەلەستینی ڕایانگەیاند: „وەک گەورەترین یەکیەتی لە بەشی خزمەتگوزاریدا لە بەرامبەر هەمووجۆرە ناردنێکی چەک بۆ ئیسرائیل ڕادەوەستین. ڕێگاچارەیەکی دادپەروەرانە بۆ خەڵکی فەلەستین نەک لەلایەن زلهێزەکان و ڕژیمە سەرمایەدارییەکانی ناوچەکە بەڵکوو تەنها لەڕێگەی خەباتی هاوبەشی کرێکاران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەر لە جیاوازیی ئایینی و نەتەوەیی دێتە دی“. ئەم پەیامە بە شێوازی دیکە لە بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە ئێران ڕەنگی دایەوە.

ڕنگبێ ڕژیمی داگیرکەری ئیسرائیل بە پشتیوانیی بێ شەرت و مەرجی دەوڵەتانی ئەمریکا و بریتانیا و ... بتوانێ لە ناو وێرانەکانی غەززەدا ڕووباری خوێن بخاتە ڕێ، بەڵام بێگومان ناتوانێ موقاوەمەتی نەتەوەیەک بۆ ڕزگاری تێکبشکێنێت. بەتایبەت ئەگەر چینی کرێکاری جیهانی و مرۆڤایەتیی ئازادیخواز و یەکسانیخواز پشتیوانی نەتەوەی فەلەستین بن.

***

## ٢٠ کاتژمێر کوشتن و وێرانکاری لە غەززە، ٤ کاتژمێر وەستانی مرۆڤدۆسانە

٣٤ شەو و ڕۆژە کە دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و داگیرکەری ئیسرائیل بە پاساوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مەترسیی تیرۆریزمی ڕێکخراوی حەماس لە ئاسمان و زەوی و دەریاوە خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززەی داوەتە بەر بۆردومان و هێرشی مووشەکی بەردەوام. ٣٤ شەو و ڕۆژە کە یەکێک لە گەورەترین تاوانەکانی شەڕ و جینۆسایدی مێژوو وێڕای دڵتەزێنترین دیمەنەکانی کوشتاری منداڵان و خەڵکی بێدیفاع لەبەرچاوی هەموو خەڵکی جیهاندا لەئارادایە. لە دوایین گۆڕانکاریی دیپلۆماتیکدا ڕۆژی ٩ی نوامبری ٢٠٢٣ لەسەر پێشنیاری بایدێن سەرۆککۆماری ئەمریکا، دەوڵەتی ئیسرائیل ڕەزایەتی داوە کە لە شەو و ڕۆژدا ٢٠ کاتژمێر لە غەززە کوشتار و وێرانکاری بکات و ٤ کاتژمێریش وەستانی مرۆڤدۆسانە بەرقەرار بکات.

بەڵام هەتا کاتی ئامادەکردنی ئەم وتارە واتە دوای نیوەڕۆی ١٠ نوامبر، لەم وەستانە مرۆڤدۆستانەیە هیچ خەبەرێک نییە. ئەم پێشنیارە فریوکارانەیەی بایدن، لەحاڵێکدا کە حکوومەتی ئەمریکا چەندین جار ڤیتۆی پێشنیاری ئاگربەستی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش کردووە، جگە لە هەوڵدان بۆ پێدانی ڕواڵەتێکی یاسایی بە کوشتنی خەڵکی فەلەستین و بەکەم سەیرکردنی هۆشیاری مرۆڤایەتیی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە ئاستی جیهان و بێجگەلە ڕسوایی ئەخلاقی دیموکراسییە بۆرژواییەکانی داکۆکیکاری ماف، هیچی تر نییە.

بەهۆی ئەم جینوسایدەوە هەتا ئێسا زیاتر لە ١١ هەزار کەس و لەناویاندا چوار هەزار و ٥٠٦ منداڵ گیانیان لەدەستداوە وەدەیان هەزار کەسیش بریندار بوون. زیاتر لە ٥٠ لەسەدی ماڵەکانی خەڵک زیانی بەرکەوتووە و یان وێران بوون و پتر لە یەک ملیۆن کەس ئاوارە بوون. لەم ماوەیەدا ئەگەرچی ئەرتەشی ئیسرائیل بەردەوام هۆشداری بە دانیشتووانی باکووری غەززە داوە کە ناوچەکە چۆڵ بکەن، بەڵام بەردەوام ناوچەکانی باشووری شاری غەززەی بۆردومان کردووە. ئەم کۆمەڵکوژییەی خەڵکی فەلەستین لە حاڵێکدا لەئارادایە



کە کەرتی غەززە بەتەواوی گەمارۆ دراوە. جەریانی بەرق قەتع بووە و دانیشتووانی بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنە و خۆراک و دەرمان یەکجار لە مەزیقەدان. بەهۆی نەبوونی سووتەمەنی بیست نەخۆشخانە بەیەکجاری داخراون و نەخۆشخانەکانی دیکەش مەترسیی داخرانیان لەسەرە. ١٠ی نوامبر ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پشتڕاستی کردەوە کە نەخۆشخانەی ئەلشەفا لە شاری غەززە بۆمباران کراوە. لەم بارودۆخەدا ناردنی کاروانەکانی فریاگوزاریی سنووردار بە هیچ شێوەیەک وڵامدەرەوەی ئەم بارودۆخە کارەساتبارە نییە. بەڵام لە ڕوانگەی بەرژەوەندی دەسەڵاتی ئەمریکا و بریتانیا و هاوپەیمانانیانەوە مەعلووم نییە کە چەند هەزار منداڵ و خەڵکی فەلەستین لە غەززە دەبێ ببنە قوربانی. چەند هەزار ماڵی دیکە دەبێ وێران بێت تا ئەم داکۆکیکارە درۆینانەی مافی مرۆڤ لەگەڵ ئاگربەست و کۆتایی ئەم جەنایاتە موافقەت بکەن.

دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی نەتانیاهۆ لە حاڵێکدا لەسەر درێژەی ئەم جەنایاتە جەنگییە پێداگری دەکات و ئازادیی بەبارمتەگیراوانی ئیسرائیلی و تەسلیمبوونی حەماسی کردووەتە پێشمەرجی ڕاگرتنی بۆمبارانەکان، کە خۆی پتر لە ٦ هەزار فەلەستینی لە زیندانەکانی ئیسرائیلدا بەدیل گرتووە و زیاتر لە دوو ملیۆن کەسی لە غەززە بەبارمتەگرتووە و لە هەر شەو و ڕۆژێکدا سەدان کەسیان دەکاتە قوربانی. دەوڵەتانی ئەمریکا، بریتانیا، کانەدا، فەڕانسە، ئاڵمان و ئیتالیا و ... بە پشتیوانیی بێ شەرت و مەرج لە دەوڵەتی ئیسرائیل و دژایەتی لەگەڵ پێشنیاری ئاگربەست، لەم جەنایەتە جەنگییە و لە وەڕێخستنی حەمامی خوێن لە غەززەدا شەریکن. ئەم دەوڵەتانەی سەرمایەداری و میدیاکانی سەربەوان بە سڕینەوە و نادیدەگرتنی بەستێنە مێژووییەکانی ململانێی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لەگەڵ خەڵکی فەلەستین، هێرشی حەماس لە حەوتی ئۆکتۆبر بەهۆکاری ئەم شەڕە و قەیران پێناسە دەکەن و بەبیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ حەماس دەستی دەوڵەتی ئیسرائیلیان بۆ ئەم جینۆسایدە ئاشکرایە ئاواڵە هێشتووتەوە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل لەماوەی ئەم ساڵانەدا هەموو یاساکانی "شەڕی پێشکەوتووانەی جیهانی ئازادی سەرمایەداری" و سەرجەم بڕیارنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پێکهاتنی دەوڵەتی فەلەستین و گەڕانەوەی ئاوارەکانی فەلەستینی پێشێل کردووە.

بێگومان ئەم شەپۆلە نوێیە لە تاوانی جەنگی دەوڵەتی ئسیرائیل بەرامبەربە خەڵکی غەززە دوای هێرشی گرووپی کۆنەپەرستی حەماس دژی ئەرتەشی ئیسرائیل و کوشتاری دڵتەزێنی خەڵکی ئیسرائیل لە حەوتی ئۆکتۆبر دەستیپێکرد، بەڵام شەڕ و داگیرکاریی دەوڵەتی ئیسرائیل دژبە خەڵکی فەلەستین پێشینەیەکی دووردرێژ و خوێناویی هەیە. ئەرتەشی پڕچەککراوی ئیسرائیل تەنها لەم ساڵی زایینییەدا زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە خەڵکی فەلەستینی لە لێواری ڕۆژئاوا کوشتووە و سەدان کەسی بریندار کردووە. دەوڵەتی ئیسرائیل ١٦ ساڵە کە زیاتر لە دوو ملیۆن کەسی لە دانیشتووانی غەززە گەمارۆ داوە. بە داسەپاندنی سیاسەتی مشتی ئاسنین ژیانێکی کارەساتباری بەسەریاندا سەپاندووە و لەم ماوەیەدا چەندین جار بەبیانووی مووشەک هاویشتنی حەماس و ڕێکخراوی جەهادی ئیسلامی خەڵکی ئەم کەرتەی بۆمباران کردووە و هەموو جارێ ژمارەیەکی زۆری لە خەڵک خەڵتانی خوێن کردووە. دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئسیرائیل زیاتر لە ٧٠ساڵە کە بە پشتیوانیی ماڵی و تەسلیحاتی دەوڵەتی ئەمریکا و باقی هاوپەیمانانی لە ئورووپا، بە شەڕنانەوە و میلیتاریسم و بە شارۆچکە دروستکردن لە وڵاتی فەلەستین، بەردەوام سیاسەتی داگیرکەرانەی خۆی بەڕێوەبردووە. دەوڵەتی ئیسرائیل هەموو ئەم جەنایەت و داگیرکارییانە بە ئامانجی درۆیینی دابینکردنی ئەمنیەت بۆ خەڵکی ئیسرائیل پاساو دەکات. ئەوەش لەحاڵێکدایە کە ئەمنیەتی خەڵکی ئیسرائیل بە بێ "ئاشتی پایەدار" و بە بێ کۆتاییهێنان بە داگیرکاری و بە بێ بەڕەسمی ناسینی مافی گەڕانەوەی ئاوارەکانی فەلەستین بۆ وڵاتەکەیان و بە بێ بەڕەسمی ناسینی مافی

دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی فەلەستین و مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دابین نابێت. یەکگرتن و هاوپشتیی کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین لەگەڵ کرێکاران و هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە ئیسرائیل کە دژی داگیرکاریی دەوڵەتی ئیسرائیلن، گەشەی بزووتنەوەی پشتیوانی لە ئازادیی فەلەستین لەئاستی جیهان و هۆگرایەتیی جیهانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی فەلەستین ئەو هێزەیە کە دەتوانێ کۆتایی بە ڕەگەزپەرستی و داگیرکاری بێنێت و مافی بنەڕەتی نەتەوەی فەلەستین بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ وەدی بێنێت.

ئەمڕۆ لە حاڵێکدا کە دەوڵەتانی ئەمریکا، ئاڵمان، بریتانیا، فەڕانسە و ... بە پشتیوانیی بێ شەرت و مەرج لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی نەیتانیاهۆ دەستی ئەویان بۆ جەنایەتی جەنگی دژبە خەڵکی غەززە ئاواڵە هێشتووەتەوە، لە بەرامبەردا بزووتنەوەیەکی مەزنی جەماوەری بۆ پشتیوانی و دیفاع لە ئازادیی فەلەستین بە خواستی کۆتایی دەستبەجێی شەڕ، ڕاگرتنی دەستبەجێ بۆمباران و ناردنی خێرای یارمەتی مرۆیی بۆ کەرتی غەززە هاتووەتە مەیدان. جەماوەری ناڕازی بێسەبرانە خوازیاری کۆتاییهێنان بە تاوانی جەنگی دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیلن. ئەم بزووتنەوە هاوپشتییە جیهانییە، گۆڕینی هاوسەنگیی هێز بە قازانجی خەباتی مافخوازانە و ئازادیبەخشی کرێکاران و نەتەوەی ستەمدیدەی فەلەستین و لاوازکردنی هێژمۆنی نیزامی دەوڵەتی ئیسرائیلی خستووەتە ئاسۆوە. پێویستە ئەم بزووتنەوە هاوپشتییە بەهێز بکرێت. کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەری ئێران پێویستە بەم بزووتنەوە جیهانی و ئازادیخوازانەیە پەیوەست بن. حمایەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە حەماس و ئەو مەراسیماتە حەقیرانەیەی کە بۆ دیفاع لەم ڕەوتە دەیخاتە ڕێ، نابێ کرێکاران و جەماوەری ناڕازی لە ئێران بۆ پشتیوانی لە کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین و ڕەوتی پێشکەوتنخواز و دژەشەڕ و دژەداگیرکاری لە ئیسرائیل تووشی گومان و سەرلێشێواوی بکات. جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە هەر شوێنێک بن، لە فەلەستین، ئیسرائیل و ئێران و شوێنەکانی تر، قوربانی نیزامی سەرمایەدارین. بێگومان کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەتوانن یەکێک لە گرینگترین پێگەکانی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریسم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان ڕیشەکێش بکەن و زەمینە بۆ گەشە و بەهێزبوونی بزووتنەوەی ڕادیکاڵ و ڕزگاریبەخش لە فەلەستین و گشت ناوچەکە ئامادە بکەن. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی فەلەستین بۆ تێپەڕین لەم بارودۆخە کارەساتبارە بێجگەلە ڕێکخستنی خەباتی جەماوەری و هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران و هێزە ئازادیخواز و ڕەوتە شۆڕشگێڕەکان لە ئیسرائیل و ڕاکێشانی پشتیوانی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لەئاستی جیهان لەپێناو خەبات بەرامبەربە ڕژیمی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان، ڕێگایەکی تریان لەپێش نییە.

***

# بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خانەنشینان درێژەی هەیە
# "تا بە مافمان نەگەین، بۆ ساتێک پشوو نادەین"

ڕۆژی دووشەممە ١٥ی مانگی خەزەڵوەری ١٤٠٢ خانەنشینانی موخابرات لە درێژەی خەباتی لێبڕاوانەی خۆیان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران لەوانە لە شارەکانی ساری، تەورێز، تاران، خۆرەم ئاباد، ئەراک، شاری کورد، ڕەشت، مەریوان، ئیلام، ئەردەبیل، کرماشان، سنە، ئیسفەهان، ئەهواز، زاهیدان، قەزوین و چەند شاری دیکە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبرد. خانەنشینان لەم ڕۆژەدا بۆ جارێکی تر لەئاست وەدینەهاتنی خواستەکانیان لەوانە جێبەجێ نەکرانی ئایینامەی پێرسۆنێلی و ئیستخدامی ساڵی ٨٩ و چارەسەرنەکرانی کێشەی بیمەی دەرمانی بەتوندی ناڕەزایەتییان دەربڕی. لە هێندێک لە شارەکانی وەک تاران، ئەهواز و ڕەشت کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی وێڕای ڕێپێوان و وتنەوەی دروشم دژبە دزی و سیاسەتی تاڵانکەرانەی دەوڵەت و گەندەڵی حکوومەت




لەئاستی شاردا بەڕێوەچوو. خانەنشینانی موخابرات لەم ڕۆژەدا لە جەریانی ڕێپێوان و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی خۆیاندا بۆ جارێکی تر بە وتنەوەی کۆمەڵێک دروشم، عەزم و ئیرادەیان بۆ درێژەی یەکگرتووانەی خەبات تا وەدیهاتنی خواستەکانیان ڕاگەیاند. هێندێک لەم دروشمانە بریتی بوون لە: "ئیجرای هاوسانسازی، بە بێ حوقەبازی"، "نە مەجلیس نە دەوڵەت نین بە فکری میللەت"، "خانەنشین دەنگ هەڵبڕە، مافت داوا بکە"، "مەعیشەتی خاروبار دەبێ بەڕۆژ بکرێت"، "بەڵێنمان زۆر بیست، ئەنجامێکی نەبوو"، "تا بە مافمان نەگەین، بۆ ساتێک پشوو نادەین"، "بەسە جەهالەت، مودیران خەجاڵەت"، "عیزەتی خانەنشین، دەبێ ئیحیا بێتەوە"، "سندووقیان تاڵانکرد، ئێمەیان بێچارە کرد"، "سندووقی پڕ لە داهات، چیت بەسەر هات".

هەر لەم ڕۆژەدا خانەنشینانی ئەندامی سندووقی خانەنشینی کشوەری لە تاران، ئیسفەهان، سنە و چەند شاری تر بەمەبەستی بەدواداچوونی خواستەکانیان کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بەرینیان بەڕێوەبرد و بە وتنەوەی دروشم دژی ناوەندە حکوومەتییەکان لەسەر درێژەی ناڕەزایەتییەکانی خۆیان هەتا وەدیهاتنی داخوازییەکانیان تەئکیدیان کرد.

خانەنشینانی ئەندامی سندووقی خانەنشینی کشوەری لەم کۆبوونەوە ناڕەزایەتییانەدا بۆ جارێکی تر لە ڕێگەی بڕیارنامەیەکەوە ناوەرۆکی داخوازییەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

١ – گەڕاندنەوەی گەڵاڵەی دایمی کردنی هاوسانسازی لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ مەجلیس. پەسندکردنی لەلایەن نوێنەران و جێبەجێکردنی هاوسانسازی لەلایەن دەوڵەت و دابینکردنی بوودجەی پێویست بەشێوەی ساڵانە.

٢ – بردنەسەری حەقدەستی ساڵانە بەپێی ماددەکانی ٦٤ و ١٢٥ی یاسای بەڕێوەبەریی خزمەتگوزاری کشوەری لەسەر بنەمای تەوەرۆمی واقعی لە کۆمەڵگا.

٣ – خێراکردنەوەی پێدانی پاداشتی خانەنشینانی ١٤٠٠ و ١٤٠١ بەپێی ئەحکامی ڕوتبەبەندی. ئیجرا و پێدانی ١٤ هەزار ملیادر تمەن بابەتی موتەناسبسازیی حقوقەکان، بەشی ٣ و ٤ لە بڕگەی تێبینی (٢)ی یاسای بوودجەی ساڵی ١٤٠١ بۆ سندوقەکانی خانەنشینی کشوەری و لەشکری.

٤ – ڕەچاوکردنی مافی خانەنشینان لە پێداچوونەوەی یاسای بەرنامەی حەوتومی تەوسەعە لەلایەن کۆمیسیۆنی تەلفیقی مەجلیس و مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام. گونجاندنی ئەو بڕگە و ماددانەی کە گشت مافی یاسایی (بۆ نموونە ئاستی حەقدەست، هەزینەی دەرمان و ئیمکاناتی ڕەفاهی و مەنزەلەتی) خانەنشینان بەپێی عەداڵەت و لابردنی هەڵاواردن و لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی لەبەرچاو دەگرن.

٥ – ئامادەکردنی ئایینامەی جێبەجێکردنی ماددەی ٨٥ی یاسای بەڕێوەبەریی خزمەتگوزاریی کشوەری وێڕای بیمەی پایە و تەکمیلی خانەنشینان، بەجۆرێک کە هەموو خەرجییەکانی دەرمان پۆشش بدات.

٦ – ئامادەکردنی گەڵاڵەی موتەممەمی بوودجەی ١٤٠٢ بۆ بردنەسەری ئاستی حقوقەکان بەپێی ڕێژەی تەوەرۆم و ناردنی بۆ مەجلیس بەپێی ماددەی ١٢٥ی یاسای بەڕێوبەریی خزمەتگوزاریی کشوەری.

٧ – پێدانی ڕەفاهیاتی قانوونی نەقدی و غەیری نەقدی هەروەک کەسانی لەسەرکار بە خانەنشینان، داخوازییەکانی پێوەندیدار بە ئەحکامی ڕەزبەری ٩٩ سەبارەت بە گرووپە ئیرفاقییەکان، خەرجی فەوت و هاوسەرگیری و باقی معەوەقاتی تر، خواستی ڕەوای ئێمە خانەنشینانە.

بێگومان ئەوەیکە خانەنشینکراوانی لە پانتایی سەرتاسەریدا بەرەو ناڕەزایەتی و مانگرتن بردووە و لەئاستێکی بەریندا هێناونییە سەر شەقامەکان ڕیشەی لە بۆشایی چینایەتی، هەژاری و فەلاکەت، نابەرابەری و دیکتاتۆری لەئاستی ئێران دایە. هەر ئەم حەقیقەتە سادەیە زەروورەتی خەباتی

یەکگرتووانەی خانەشینانی هێناوەتە بەرەوە. درێژەی سیاسەتەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەپێناو پشتیوانی لە چینی سەرمایەدار، پەلاماری ئاشکرا و بەرین بۆسەر هەستیی کۆمەڵایەتی و مەعیشەت و مەنزەڵەتی ئینسانەکان، خانەشینانیشی هەروەک مامۆستایان و باقی بەشەکانی تری چینی کرێکار بەرەو موقاومەت و نارەزایەتی بردووە. خانەنشینان لە بەرامبەر پەلاماری دەزگای گەندەڵی دەسەڵاتدار بۆسەر ژیان و بژێویان دەستیان لەسەر دەست دانەناوە و بە نارەزایەتیی سەرانسەری و سازماندراوی خۆیان بوونەتە گرووپێکی فشاری سیاسی جیددی بۆسەر ڕژێمی ئیسلامی.

بزووتنەوەی نارەزایەتیی سەرانسەری و شکۆمەندی خانەنشینان و سوننەتی یەکشەممە، دووشەممە و سێشەممەکانی نارەزایەتی نیشانەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی جەماوەری ڕاپەڕیوی ئێران ئەگەرچی لە نارەزایەتی هەموو ڕۆژێ و شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی دوو سێ مانگی ئەوەڵ دوور کەوتووەتەوە، بەڵام بەشێوەی جۆراوجۆری دیکە هەروا درێژەی هەیە. ئەم ڕەوتە ئاشکرایە نیشانەی ئەوەیە کە شەپۆلی ئیعدامەکان و دەستبەسەرکردنی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان نەیتوانیوە خەڵک چاوترسێن بکات. درێژەی کۆبوونەوەی نارەزایەتی سەرانسەری خانەنشینان کە لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا گەڵێک جار بە دروشمە سەرەکییەکانی "تەنها لەسەر شەقامەکان، بەدەست دێنین مافمان"، "تا بە مافمان نەگەین، بۆ ساتێک پشوو نادەین"، شەقامەکانیان گرتووتەوە، لە بارودۆخی ئێستادا لە بواری سیاسییەوە گرینگییەکی تایبەتی هەیە. نارەزایەتی و خەباتی لێبڕاوانەی خانەنشینان پێویستە لە درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی سەرانسەریدا هەڵسەنگێندرێت و لە داخوازییە ڕەواکانیان پشتیوانی بکەین. یەکشەممە و دووشەممە و سێشەممەکانی نارەزایەتی، ئەم بزووتنەوە شکۆدارەی خانەنشینان، پێویستە ڕێزی لێ بگرێن.

***

## بەیاننامەی هاوبەشی چەند ڕێکخراوی کرێکاری:

## شەڕی ماڵوێرانکەر و کۆنەپەرستانە دژی خەڵکی ستەمدیدەی غەززە مەحکووم دەکەین

ڕۆژی ۷ی ئۆکتۆبر (۱۵ی ڕەزبەر) بۆ جارێکی دیکە ئەو ئەکتەرانەی کە ژیان و مانەوەیان لە داگیرساندنی ئاگری شەڕدا دەبینن، دەستیان دایە جەنایاتێک کە لە دیدەی هیچ ئینسانێک ناشاردرێتەوە. بەهۆی ئەم تێکهەڵچوونانە لەماوەی سێ هەفتەدا هەزاران کەس کوژران و دەیان هەزار کەس بریندار و سەدان هەزار کەس ئاوارە بوون و ماڵ و نەخۆشخانە و ناوەندی پەروەردە و کەمپی پەنابەران وێران بوون. دەسەڵاتی ئیسرائیل لە ئاسمان و زەوی و دەریاوە بە چەکی مەرگبار بەردەوام هێرش دەکات سەر غەززە و بۆ دەرکردنی خەڵک لەم ناوچەیە و بۆ داگیرکردنی غەززە و بە بیانووی ڕیشەکێش کردنی حەماس لە هیچ تاوانێک تەنانەت لە بەکارهێنانی بۆمبی فۆسفۆری دەریغی نەکردووە.

ئەم شەڕە درێژەی سیاسەتێکە کە لە زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوبەرەوە لەلایەن ئیمپریالیزمەوە و لە ۷۵ ساڵ لەمەوبەرەوە لەلایەن دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و داگیرکەر و کۆلۆنیالیستی ئیسرائیلەوە بۆ پەیوەست کردنی خاکی فەلەستین بە ئیسرائیلەوە بەڕێوەچووە. نادیدەگرتنی مافی هەبوونی سەرپەنا و سەرەتاییترین ئاسایش و ئارامی و مافی ژیانی ئاسایی بە بێ هەڕەشە و نیگەرانیی لەدەستدانی ژیان و خانەوادە و ماڵ لەلایەن ئیسرائیلەوە، ڕەوایەتی بە خەباتی خەڵکی ژێر ستەمی فەلەستین دەدات. خەباتێک کە بە درێژایی تەمەنی ئیسرائیل سەرەڕای هەوراز و نشێو و خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بەردەوام درێژەی بووە. مافی ژیان و هەبوونی ئاسایش و ئیمکانی کارکردن و ژیان، کە تەنانەت لە جیهانی سەرمایەداریشدا بەڕەسمی ناسراوە، لەلایەن حکوومەتی ئیسرائیل و لایەنگرانی ئیمپریالیستییەوە بۆ خەڵکی فەلەستین قەبووڵکراو نییە و خەڵکی فەلەستین تەنانەت لە ناو کەمپەکانیشدا پارێزراو نین.

بەڵام سەرکوت، کوشتار، زیندان و ئەشکەنجە و دەرکردن لە ماڵ و وڵاتی خۆ و تەباهی و وێرانی، تەنها دیاریی ئیسرائیل و پشتیوانانی ئیمپریالیستی بۆ خەڵکی فەلەستین نییە. ئەو خەڵکەی کە ساڵەهایە بەرەورووی سەرکوتی نیزامی و دەستگیری و ئەشکەنجە و دەرکردن دەبنەوە و بۆ پاراستنی هاوسەر و منداڵ و سەرپەنایان لە ترس و هەراسدا بەسەر دەبەن چۆن دەتوانن ئاستی وشیاری سیاسی خۆیان بەرنە سەر و ڕێبەری لایەق و دڵسۆزیان هەبێت؟ ئیمپریالیزم و ڕژیمی سەهیۆنیستی لە هەموو دەورانی سوڵتەیان بەسەر وڵاتی فەلەستین، هەرجۆرە ئەندێشەیەکی پێشکەوتوو و بزووتنەوەیەکی سیاسیی نەیاری سوڵتە و خوازیاری ئازادی و سەربەخۆییان سەرکوت کردووە و دەیکەن. ئەوان هەروا بۆ لاوازکردن، پەراوێزخستن و لەئاکامدا ڕیشەکێشکردنی موقاومەتی ئازادیبەخش و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە فەلەستین، ئاگاهانە زەمینەیان بۆ بەهێزبوونی هێزە کۆنەپەرستەکان لەم وڵاتە فەراهەم کرد. لە کەس شاراوە نییە کە حەماس، کە لەئێستادا ئیسرائیل بەبیانووی بەرنگاربوونەوە لەگەڵی پیلانی زێدەخوازانەی ئەرزی و نیزامی و سیاسی و ئابووریی خۆی بەڕێوە دەبات، بە پشتوانیی دەوڵەتی ئیسرائیل و بۆ مونزەوی کردن و لەناوبردنی بزووتنەوەی ئازادیبەخشی فەلەستین و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی فەلەستین پەرەی ستاند و ئیدارەی غەززەی گرتە دەست. ڕەوتەکانی وەک حەماس و جەهادی ئیسلامی کە بەدرۆ خۆیان بە داکۆکیکاری ئاواتەکانی خەڵکی فەلەستین دەزانن و لەڕاستیشدا بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرژەوەندی هێندێک لە دەسەڵاتەکانی ناوچەکە دابین دەکەن، بەهۆی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە لە مەیدانی سیاسیی فەلەستیندا سەریان هەڵداوە و ئالای درۆیینی "موقاوەمەت"یان گرتووەتە دەست. لەم ڕووەوە خەڵکی زەحمەتکێشی فەلەستین لە شەڕ و ململانێی نێوان دوو بەرەی کۆنەپەرستدا بەردەوام دەبنە قوربانی و ئازادی و سەربەخۆییان لێ زەوتکراوە. لەلایەکەوە دیلی ئەو هێزە کۆنەپەرستەن کە وێڕای سوێند خواردنی بە " فەلەستین و قودس" ئاواتی بەهێزکردنی ئایدیۆلۆژی و پان ئیسلامیسمی لەسەر دایە. و لەلایەکی دیکەشەوە گرفتاری سیاسەتی فاشیستی - سەهۆنیستیی دەوڵەتێکی ڕەگەزپەرستن. ئێمە هەر دووی ئەم هێزە کۆنەپەرست و دژەخەڵکییانە مەحکووم دەکەین.

سیاسەتی حەماس و جەهادی ئیسلامی و کۆماری ئیسلامی و هێزە نیابەتییەکانی لە لوبنان و عێراق و یەمەن و سووریە و شوێنەکانی تر، لەسەر بنەمای پان ئیسلامیسم بەئامانجی پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامی لەجۆری کۆماری ئیسلامی یان هاوشێوەی لە وڵاتی فەلەستیندا بەڕێوە دەچێت. سیاسەت و ئایدیۆلۆژیی ئیسرائیل و سیاسەتی پشتیوانانی ئیسرائیل بەتایبەت دەوڵەتی ئەمریکا و ئینگلیس کۆچی زۆرەملی، داگیرکردن،



ڕەگەزپەرستی و پاراستن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئیسرائیل لە ناوچەکەیە. هیچ کام لەم سیاسەتانە قازانجێکیان بۆ خەڵکی ستەمدیدە و زەحمەتکێشی فەلەستین نییە و هەر هەموویان لەلایەن جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشەوە مەحکوومن.

هەموو وێژدانێکی بەخەبەر پێویستە لە خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین بەرانبەر وەحشیگەریی هێزە فاشیستەکانی ئیسرائیل دیفاع بکات. جەماوەری زەحمەتکێشی وڵاتانی جۆراوجۆر پێویستە دژی ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە و دژی کوشتاری خەڵکی بێتاوان لە غەززە هەڵوێست بگرن و لە شەقامەکانی وڵاتی خۆیان ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ هاوار بکەن.

سیاسەتی زێدەخوازانە و قازانجپەرستانەی دەسەڵاتەکانی داکۆکیکاری شەڕ و لایەنەکانی ئەم شەڕە کە لەپێناو بەرژەوەندی ئیمپریالیستی، تاڵانکردن و داگیرکارییە،

و لەسەر ئەساسی پێشێلکردنی مافەکانی خەڵکی فەلەستین و کوشتن و تاوانی ئاشکرایە، پێویستە شەرمەزار بکرێت. بە لەقاودانی سیاسەتی ئیسرائیل و پشتیوانانی ئیمپریالیستیی لەلایەکەوە و بە ئیفشا و لەقاودانی سیاسەت و ئامانجی کۆنەپەرستانەی حەماس، جەهادی ئیسلامی و ڕەوتە لیبراڵ ڕێفۆرمیستەکانی مودەعیی ڕێبەریی فەلەستین لەلایەکی دیکەوە، پێویستە لە پەرەسەندنی شەڕ ڕێگری بکرێت. ڕژیمەکانی ئیسرائیل، ئێران، تورکییە، میسر، عەرەبستان، ئەمریکا، فەرانسە، ئاڵمان، ئینگلیس و هاوپەیمانانیان، هەر هەموویان بەشوێن بەرژەوەندی سیاسی، نیزامی و ئابووریی خۆیانەوەن و هیچ کامیان خوازیاری فەلەستینێکی ئازاد، سەربەخۆ و پێشکەوتوو، فەلەستینێک کە تێیدا بەرژوەندی خەڵکی ئەو وڵاتە بەتایبەت بەرژوەند و داخوازیی کرێکارن و زەحمەتکێشان وەدی بێت، نین.

پێویستە بە بەرزکردنەوەی ئاڵای خەبات بەرانبەر داگیرکاری، کوشتار و شەڕ، بە تێکۆشان لەپێناو ئاشتیی دادپەروەرانە و ئازادیی خەڵکی فەلەستین، واتە ئاڵایەک کە پێویستە لە لایەن جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و هەموو خەڵکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازی سەرانسەری جیهان لەوانە لە ئیسرائیل بەرز بکرێتەوە، کۆتایی بەم بارودۆخە مەرگبارە بێت.

بە دروشمی دژایەتی لەگەڵ شەڕ و کوشتن، پێویستە لە خەڵکی مەزلوومی فەلەستین و لە کرێکاران و زەحمەتکێشان کە ژیانیان لەبەردەم موسیبەتەکانی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیەدایە، دیفاع بکەین. جەماوەری زەحمەتکێش و ستەمدیدەی فەلەستین مافی خۆیانە لەپێناو گۆڕینی چارەنووسیان کە لە لایەن سازشکاران و چەواشەکاران و نارەهبەرانەوە کایەی پێدەکرێ، بەخۆیاندا بێنەوە و لە خەباتێکی وشیارانەدا ببنە حاکمی چارەنووسی خۆیان.

١٣ی خەزەڵوەری ١٤٠٢ی هەتاوی

سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە

گرووپی یەکیەتیی خانەنشینان

کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان

کرێکارانی خانەنشینی خووزستان

***

## بەیاننامەی ڕێکخراوەکان و چالاکانی داکۆکی لە مافی منداڵان
## توندوتیژی دژی منداڵان ڕابگرن!

ئامارەکان نیشانی دەدەن کە تا کاتی نووسینی ئەم بەیاننامەیە نزیکەی سێ هەزار و ٢٠٠ منداڵ لە غەززە گیانیان لەدەستداوە و زیاتر لە ٨٠٠ منداڵیش لە ژێر داروپەردووی غەززە بێسەروشوێن بوون. نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر "دامەزراوەی ڕزگارکردنی منداڵان" کە ئامارەکانی سەرەوە لە ڕاپرسییەکانی ئەو ڕێکخراوە وەرگیراون، ڕایگەیاند کە لە هەر شەش منداڵ لە جیهاندا یەک منداڵ لە بارودۆخی شەڕدا دەژی. ئامارەکان داستانێکی دڵتەزێن و کارەساتبار لە بارودۆخی منداڵان باس دەکەن. هەوڵە نێونەتەوەییەکان بۆ پشتیوانی لەو منداڵانەی کە بە بۆمبی دروستکراو لە وڵاتانی گەورەی سەنعەتی، لەژێر چەکمەی داگیرکەران، لەئاکامی سیاسەتی زێدەخوازانەی دەوڵەتەکان و لە سایەی پروپاگەندای میدیایی دەسەڵاتە نیزامی و ئابوورییەکانی جیهان، گرووپ و دەوڵەتە شەڕخوازەکان لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا گیانیان لەدەست دەدەن، هیچ ئاکامێکی نەبووە و ئەوەیکە لەو نێوەدا بۆ هیچ لایەنێکی شەڕ بایەخی نییە گیانی منداڵانە.



ئێمە کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنی، ڕێکخراوەکانی پشتیوانی منداڵان و نووسەرانی بواری منداڵان، کە بەرپرسایەتی جەمعیمان دیفاع لە مافی منداڵانە، لە هەر شوێنێکی جیهان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و قەوم و مەزهەب و جنسیەتیان، وێڕای مەحکووم کردنی داگیرکاری و شەڕ و نیزامیگەری لە سەرانسەری جیهان، خوازیاری ڕاگرتنی دەستبەجێی توندوتیژی بەرانبەر منداڵانین و سەرەنجی هەموو دەوڵەتەکان بەرەو پەیمانە نێونەتەوەییەکانی خۆیان لەوانە پابەندبوون بە ناوەرۆکی پەیماننامەی جیهانی مافەکانی منداڵان ڕادەکێشین. بەپێی ئەم پەیمانە نێونەتەوەییە، هەموو منداڵان پێویستە بە خۆراک و تەندروستی گونجاو دەستیان ڕابگات. لەم ڕووەوە پێویستە ڕێگاچارەیەک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەیکە منداڵان لە ئاکامی وێرانکەری شەڕەکان دوور بن.

هێرشی بەردەوامی ئیسرائیل بەبیانووی هێرشی حەماس، لەڕاستیدا بووەتە تۆڵەسەندنەوە لە خەڵکی سیڤیل. دەسەڵاتی ئیسرائیل زیاتر لە دوو ملیۆن کەس لەو خەڵکەی کە ژمارەیەکی زۆریان منداڵن بەرەورووی کۆمەڵکوژی و ئاوارەیی و توندوتیژی کردووە. کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسرائیل بەجۆرێک بێبەزەیانە و دڕندانە باس لە بێبەریکردن لە خۆراک و سووتەمەنی و ئاو دەکەن کە دەڵێی نازانن سەرەتاییترین پێداویستی ژیانی منداڵان، بەردەستبوونی ئاو و خۆراکی پێویستە. ئەرتەشی ئیسرائیل لەژێر فەرمانی توندئاژۆترین باڵی دەسەڵاتدار، بە پشتیوانی نێونەتەوەیی لەوانە دەوڵەتی ئەمریکا هێرشی کردووەتە سەر کەسانێک کە ساڵەها دیلی دەوڵەتی ئیسرائیل بوون. دەوڵەتی ئیسرائیل ساڵەهایە بەسەریاندا بۆمب دەبارێنێ و بە وەحشیانەترین زمان لەگەڵ غەززە دواوە. قوربانیانی ئەم شەڕە خوێناوییە خەڵکی بێتاوان بەتایبەت منداڵانێکن کە هیچ ڕۆڵێکیان لەم ململانەیەدا نییە. ئێمە باوەڕمان بەوەیە کە کوشتنی ئینسانەکان بەتایبەت منداڵان لەژێر هەر ناوێک و لە هەر لایەنێک و لە چوارچێوەی هەر سنوورێکی جوگرافیاییدا بێت مەحکوومە.

ئێمە لەو باوەڕەداین کە بۆ داکۆکی لە مافی منداڵان بەرامبەر بە دەسەڵاتەکانی پێشێلکەری مافی ئینسان، ناوەندە مەدەنی و جەماوەرییەکان پێویستە ستانداردی دوولایەنەی دەوڵەتەکان بەتایبەت لەئێستادا دەوڵەتی تورکییە بۆ کوشتاری دڕندانەی کوردەکان و درێژەی هێرشی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ جینوساید لە غەززە مەحکووم بکەن. ئێمە خوازیاری ئەوەین کە لەڕێگەی گوشاری ناوەندە نێونەتەوەییەکانەوە ئەم کارەساتە ئینسانییە ڕابگیرێت و ئاگربەستی دەستبەجێ ڕاگەیەندرێت.

بە باوەڕی ئێمە ناوەندە نێونەتەوەییەکان بۆ پشتیوانی لە مافی منداڵان لە غەززە، پێویستە بە خێرایی و بەشێوەیەکی کاریگەر و بێ لایەن دەخاڵەتیان بێت و لە درێژەی ئەم ڕەوتە کارەساتبارە ڕێگری بکەن.

ئێمە لە هەموو بزووتنەوە مەدەنییەکان و لە خەڵکی جیهان داواکارین کە بە فشار خستە سەر دەوڵەتەکانیان، داوایان لێ بکەن کە کۆتایی بە پشتیوانی لەم هەڵاواردنە ڕەگەزییە و لەم کوشتار و منداڵکوژییە سیستماتیکە بهێنن.

١ – ئەنجومەنی توێژینەوەی پەروەردەیی منداڵان

٢ – ئەنجومەنی داکۆکی لە مافەکانی منداڵان

٣ - ئەنجومەنی داکۆکی لە منداڵانی کار

٤ – ئەنجومەنی یارمەتیدانی منداڵانی بەردەم مەترسی

٥ – جەمعیەتی داکۆکی لە مافی منداڵانی کار و شەقام

٦ – فرۆمی دایکانی ئاشتی ئێران

٧ – ناوەندی سینفی مامۆستایانی ئێران

٨ – گرووپی چالاکانی یاریی هەمدڵ

٩ – گرووپی کلتووری کۆمەڵایەتی کیانا

١٠ – دامەزراوەی مرۆڤ دژواری ئەرک

١١ – دامەزراوەی ڕووییْشی نەهالی جەوان

١٢ – دامەزراوەی پشکووتنی تواناکانی منداڵانی میهر

١٣ – دامەزراوەی میهر و مانگ

١٤ – دامەزراوەی دەنگی ماندگاری دەروازەی غار

١٥ – دامەزراوەی یارمەتیدەرانی منداڵانی کاری پوویا

١٦ – ئەنجومەنی خۆشەویستانی منداڵ

بێجگەلە ئەم ١٦ ڕێکخراوە، سەدان کەس لە چالاکانی بزووتنەوەی داکۆکی لە مافەکانی منداڵان ئەم بەیاننامەیان واژۆ کردووە.

***

## بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا، دەبێ چی بکرێت؟

زەمانەتکردنی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە لە گرەوی پەرەپێدان بە ستراتێژی و ئاسۆی سیاسیی ڕوون و شۆڕشگێڕانە، ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێبەریدایە. کەوابوو نابێ بەڵێنی سەرکەوتنی سەهل و ئاسان بە جەماوەر بدرێ، بەڵکوو پێویستە بەکردەوە بەرەو وڵامدانەوە بە پێداویستییە واقعییەکانی ئەم بزووتنەوەیە و دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی ئیسلامی هەنگاو هەڵبگیرێت و کۆمەڵانی خەڵک لە دژوارییەکانی ئەم ڕێگا پڕ لە کۆسپ و بەربەستە ئاگادار بکرێنەوە. ئەم بزووتنەوەیە تەنها بزووتنەوەیەکی سەلبی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نییە. جەماوەری ڕاپەڕیو دژبە هەژاری و نەهامەتی ئابووری، دژبەو نابەرابەری و بێبەشی و هەڵاواردنانە هاتوونەتە مەیدانی ناڕەزایەتی و خەباتەوە کە سەرچاوەکەیان نیزامی سەرمایەداری ئێرانە. بەم ئیعتبارە ئەم بزووتنەوەیە نەتەنها ئامانجی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییە، بەڵکوو خەسڵەتی دژە سەرمایەداریشی هەیە. خەڵک بەدروست بۆ وەدیهێنان و بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر و خۆشبژێو چاویان لە ئیمکاناتی بەرینی ئێران بڕیوە. کەوابوو پێویستە ئاسۆی سۆسیالیستی، ئاسۆی دەسەڵاتی شۆرایی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بخرێتە بەردەم ئەم بزووتنەوەیە. پێویستە هەوڵ بدرێت دروشمەکانی وەک "نان، کار، ئازادی، ئیدارەی شۆرایی"، "ئازادی، بەرابەری، ئیدارەی شۆرایی" کە لەلایەن خودی جەماوەری خەڵکەوە لەم بزووتنەوەیەدا گەڵاڵە کراون، بە هەڵمەتی سیاسی و تەبلیغی جەماوەریتر بنەوە. پێویستە بۆچوونمان دەربارەی ئەم دروشمانە ببەینە ناو جەماوەرەوە. پێویستە لێبڕوانە و بەردەوام هەڵوێست و ستراتێژی سیاسیی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی ئێران بۆ تێکشکاندنی ئەم بزووتنەوەیە بۆ خەڵک ڕوون بکرێتەوە. پێویستە بەڕوونی نیشانی بدەین کە بەرنامەی ئابوورییان، کە هەمان سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد و نیۆلیبرالیسمە بە مودیریەتی غەیری ئیسلامییەوە، لەگەڵ پلاتفۆرمی داخوازییەکانیان و ئەو وادە و بەڵێنانەی کە بە خەڵکی دەدەن چەندە ناتەبایە. ئەوان کە بەدیلیان سەرمایەدارییە بە مودیریەتی غەیری ئیسلامییەوە ناتوانن وادەی ڕەفاە بە خەڵک بدەن. لە ئێران لەپێناو دابینکردنی هێزی کاری هەرزان، سەرمایەداری بە مودیریەت و بەڕێوەبەریی غەیری ئیسلامیشەوە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری دەبێت.

هاتنە مەیدانی چینی کرێکار بە مانگرتنی یەکپارچە وسەرانسەری، فاکتۆری سەرەکییە لە پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەدا. چینی کرێکار ئەگەرچی کۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای زۆرن، بەڵام دەتوانێ بە پێشت بەستن بە دەستکەوتی خەباتکارانەی هەتا ئێستای، بە پشت بەستن بە ڕێبەرانی لێهاتووی و بە ئەزموونی پێکهێنانی کۆمیتەکانی مانگرتن و کۆمیتەکانی کارخانە کە بناغەی شۆرا کرێکارییەکانن، بەسەر ئەم بەربەستانەدا زاڵ بێت. بە زاڵبوون بەسەر ئەم مەوانعە و بە تەحەزوبی کۆمۆنیستی دەتوانین یارمەتیدەری دابینکردنی هێژمۆنی چینی کرێکار بەسەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستادا بین. دەرسێکی گرینگی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە بۆ چینی کرێکار ئەوە بووە کە تەنها لاوازبوون و سنوورداربوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەس نییە، ئەم دەسەڵاتە دەبێ بڕووخێت و بۆ ڕووخاندنی ئەم دەوڵەتە بورژوازییە پێویستە پێشڕەوان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری لە حیزبی کۆمۆنیستی خۆیاندا سازمان بدرێن. چینی کرێکار بەبێ حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی ناتوانێ لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەباتی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی دیفاع بکات و لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوە و کێشمەکێشە چینایەتییەکان پێویستە بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت بزووتنەوەی ژنان لەگەڵ خۆی بخات و بەرەو ڕێکخستنی شۆڕشی کرێکاری و گرتنەوەی دەسەڵاتی سیاسی هەنگاو هەڵگرێت.

بەشداریی بەرین و پێشەنگی ژنان یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بووە و بۆ جارێکی دیکە کاریگەری و ڕۆڵی ژنانی لە هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی زیاتر لە ڕابردوو نیشان دا. بزووتنەوەی ژنان بە پێشینە و پێگەیەک کە هەیەتی تەنها بە گرتنەبەری ستراتێژی سیاسی سۆسیالیستی دەتوانێ هەر ئاستێک کە پاشەکشەی ڕژیمی ئیسلامی و کرانەوە لە کەشوهەوای سیاسی کۆمەڵگا بخاتە خزمەت پێشڕەویی خۆی لەپێناو وەدیهێنانی خواستە بنەڕەتییەکانی. یەکێک لە پایەکانی ستراتێژی سۆسیالیستیی بزووتنەوەی ژنان کە لە ڕاستیدا پێش مەرجی پێشڕەویی ئەم بزووتنەوەیشە، جەماوەری بوون و کۆمەڵایەتی بوونیەتی. بۆ ئەوەیکە



بزووتنەوەی ژنان ببێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی، پێویستە جەماوەری ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لە پانتایی ملیۆنیدا بێنە مەیدانی خەباتەوە. هەڵسووڕاوانی سۆسیالیست لە ئێران پێویستە کار و چالاکی لەناو جەماوەری ملیۆنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش بکەنە میحوەری چالاکییەکانی خۆیان. پێویستە لە شوێنی کار و ژیانی کۆمەڵی بەرینی ژناندا نیشان بدرێ کە بەبێ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ نیزامی چینایەتی سەرمایەداری و بە بێ کردنە ئامانجی سۆسیالیسم ناکرێ خەباتێکی کاریگەر دژبە پیاوسالاری و یاسا دژەژنەکانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەبچێت.

پێداویستییەکی دیکەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی جەماوەری بوونەوەی ئەم بزووتنەوەیە. پێویستە بەربەستە زهنییەکانی سەر ڕێگای پەیوەست بوونی جەماوەر بەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە لابەرین. بێگومان ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە لەلایەن جەماوەری ملیۆنی خەڵکەوە پشتیوانی لێ دەکرێت. خۆڕاگری ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بەرانبەربە هێزە سەرکوتکەرەکان، بوێریی ژنانی بێ حیجاب لە

بەرابەر هێرشی بەرینی ڕژیم، گوڕوتینی خەباتکارانەی بەندکراوانی سیاسی لە ئەشکەنجەخانەکان لەبواری دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە دەرخەری ئەوەیە کە ئەم خۆڕاگری و شەوقە خەباتکارانەیە لەئاستی ملیۆنیدا خاوەنی هۆگرایەتی کۆمەڵایەتییە. هەربۆیە



پێویستە ڕێگای بەشداربوونی ئەم جەماوەرە ملیۆنییە لە ناڕەزایەتییەکانی شەقامدا هەموار بکرێ. ئەگەر سەرکوتی بەردەوام و خوێناوی ئەوانی لە بەشداری چالاکانە لە مەیدانی سیاسیدا پارێزکار کردووە، پێویستە نیشان بدرێت کە تەنها بە هاتنە مەیدانی کۆمەڵانی خەڵک لەئاستی ملیۆنیدا دەکرێ ماشێنی سەرکوتی ڕژیم زەمینگیر بکرێت. ئەگەر جەماوەری خەڵک لەئاست شەڕی ناوخۆیی و سووریەیی بوونی ئێران نیگەرانن، پێویستە وەبیریان بێنینەوە کە لە سووریە و لیبی تەنها کاتێک چالاکی چەکدارانەی پێشوەخت بەپێی نەخشەی دەسەڵاتداران، جەماوەری خستە پەراوێزی خەباتەوە، ئەم وڵاتانە کەوتنە داوی شەڕی ناوخۆیی و نیابەتییەوە. کەوابوو تەنها بەشداریی خەڵک لە گۆڕەپانی سیاسییە کە دەتوانێ ئەم بابەتە زەمانەت بکات کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا چارەنووسی ئاخێزە جەماوەرییەکانی سووریە و لیبی بەسەر نەییت.

پێداویستییەکی تری پێشڕەوی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە بەهێزکردنی بواری سازماندانە. گومان لەوەدا نییە کە لەم بزووتنەوەیەدا ئاستێک لە ڕێکخستن و سازماندان بوونی هەیە. تۆڕی لاوانی شۆڕشگێڕ لە گەڕەکی شارە جۆراوجۆرەکان، ناوەند و ڕێکخراوەی خوێندکاری کە لەم دەورەیەدا پەرەیان سەندووە، ڕێکخراوەکانی مامۆستایان و خانەنشینان کە چەندین مانگرتن و ناڕەزایەتییان سازمانداوە، تۆڕەکانی مەحافلی کرێکاری و کۆمیتەکانی مانگرتن لەناو بزووتنەوەی کرێکاری، هەر هەموویان نیشانەی بوونی دەرەجەیەک لە سازماندان و کاری ڕێکخراوە. ئاشکرایە کە ئەم ئاستە لە سازماندان لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەم بزووتنەوە مەزنە یەک ناگرێتەوە. بەڵام پێویستە هەوڵ بدرێ کە لە جەرگەی ئەم بزووتنەوەیەدا بواری سازماندان و ڕێکخستن بەهێز بکرێت.

پێشمەرجێکی دیکەی پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا پێکهێنانی ڕێبەریی سەرانسەرییە. دیاردەی ڕێبەری لە بابەتی سازماندان جیا نییە. ئەم بزووتنەوەیە بەپێی ئاستی سازماندان و ڕێکخستن، خاوەنی ڕێبەری بووە. ئاخێز و ناڕەزایەتییە جەماوەری و مانگرتنە کرێکارییەکان لە ساڵانی ڕابرووودا ڕێبەرانی خۆی پەروەردە کردووە. ئاشکرایە کە ڕێبەری ئێستای بزووتنەوەکە زیاتر خەسڵەتی مەحەلی هەیە و وڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی بزووتنەوەیەکی سەرانسەری نییە. بەڵام پێکەوە پەیوەنددانی ئەم ڕێبەرە مەحەلییانە دەتوانێ هەنگاوێک بێت لەپێناو پێکهێنانی ڕێبەری سەرانسەریدا. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێویستە بتوانێ یارمەتیدەری ئەم ڕەوتانە بێت. لە مەسیری هەوڵ بۆ وڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە دەکرێ لەگەڵ ئەم ڕێبەرانەش پەیوەندی بگیرێت. ئەحزاب و سازمانەکانی ئێستای ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران پێویستە لەگەڵ تۆڕی ڕێبەرانی مەحەلی تێکەڵ بن. پێکهاتنی ئاڵتێرناتیڤێکی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بە پایەکی کۆمەڵایەتی بەهێزەوە، لەم مەسیرەوە تێدەپەڕێت.

بەرپاکردن و بەشداری چالاکانە لە ئاکسیۆنەکانی دەرەوەی وڵات بۆ پشتیوانی لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ئێستا و حزوور لە میدیاکان بۆ ناساندنی ئامانجەکانی، لە ئەولەوییەتەکانی کار و چالاکی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە لەم قۆناغەدا. زۆرێک لە پەنابەران و کۆچبەرانێک کە خۆیان لە ناڕەزایەتی دژبە سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پەنایان بردووەتە دەرەوەی وڵات ئەمڕۆ لە ڕیزی ناڕەزایەتی گشتی دژبە ڕژیم و بە نیشانەی هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە ئێران دێنە سەر شەقام. ئێمە لە هاوکاری لەگەڵ باقی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان پێویستە بەشێوەی بەرین هەوڵ بدەین کە هەموو ئەو ئینسانە ئازادیخوازانەی کە لە ناڕەزایەتی دژبە دیکتاتۆری و زەبروزەنگ لە ئێران و بۆ ڕزگاریی کرێکاران، ژنان، لاوان، نەتەوە ژێر ستەمەکان و هەموو خەڵکی ستەملێکراو و وەگیانهاتووی ئێران دێنە مەیدان، لە ڕێزێکی بەهێزدا بەرەنگاری کۆماری ئیسلامی بکەینەوە. بۆ کۆکردنەوەی ئەم هێزە بەرینە پێویستە شێوەکارێکی نوێ و فەراسازمانی کە لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازەیە گونجاوبێت بگرینە بەر. لەم بوارەدا پێویستە لەسەر پێکهێنانی شۆراکانی هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێران یان هەر ناوەندێکی خەباتکارانەی دیکە کە بتوانێ هەموو ئەم پۆتانسیەلە ناڕەزایەتییە دژبە کۆماری ئیسلامی چالاک بکات، تەئکید بکەین.

***

## دڕێژەی تاوانە جەنگییەکانی حکوومەتی ئیسرائیل لە غەززە،
## سەلمێنەری ناوەرۆکی درۆینەی دیفاعی ڕژیمی ئیسلامی لە خەڵکی فەلەستین

یەک مانگ و نیو لە دەسپێکی شەڕی تاوانکارانەی ئیسرائیل بەدژی خەڵکی فەلەستین تێدەپەڕێ.



شەڕێک کە ڕۆژی حەوتی ئۆکتۆبر بە هێرشی گرووپی تیرۆریستی حەماس و کوشتنی سەدان کەس لە خەڵکی شاروچکەنشینەکانی ئیسرائیل دەستیپێکرد. بەڵام لەم ماوەیەدا ماشێنی جەنگی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل درێژەی بە جینۆسایدی خەڵکی فەلەستین داوە و بە پشتیوانی ئەمریکا و زلهێزەکانی دیکەی ڕۆژئاوا بە پاساوی "مافی بەرگری کردن لە خۆ"، بەردەوام منداڵان و خەڵکی بێتاوانی کەرتی غەززەی کوشتووە. نیوەی کەرتی دوو ملیۆن کەسیی غەززە و زۆرێک لە شار و شارۆچکەکانی ئەم ناوچە بچووکەی لەگەڵ خاک یەکسان کردووە و تەنانەت نەخۆشخانە و خوێندنگاکانیشی جێ نەهێشتووە. ئەرتەشی ئیسرائیل بێشەرمانە هۆشدار بە خەڵکی ئەم شارانە دەدات کە ماڵەکانیان بەجێ بهێڵن و ئاوارەی ناوچەکانی دیکە بن کە لەوێ لە بۆمبارانی ئەرتەشی داگیرکەری ئیسرائیل لە ئەماندان. لە جەریانی ئەم کۆمەڵکوژییەدا هەتا ئێستا زیاتر لە ۱۱ هەزار کەس و لەناویاندا نزیک بە ۵ هەزار منداڵ گیانیان لەدەستداوە و دەیان هەزار کەس بریندار بوون و زیاتر لە ۵۰ لەسەدی ماڵی خەڵک زیانی بەرکەوتووە و وێران بووە و پتر لە یەک ملیۆن کەسیش ئاوارە بوون. ئەم کوشتارە بەکۆمەڵەی خەڵکی فەلەستین لە حاڵێکدا لەئارادایە کە کەرتی غەززە بەتەواوی گەمارۆ دراوە، جەریانی بەرقی قەتع بووە و دانیشتووانی بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و خۆراک و دەرمان یەکجار لە مەزیقەدان.

لەونێوەدا کۆماری ئیسلامی کە هەتا ئێستا ساڵانە سەدان ملیۆن دۆلاری لە بەرهەمی ڕەنج و کاری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران کردووەتە خەرجی پێکهێنان و بەهێزکردنی ڕەوتە تیرۆریست و کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان لە لوبنان، فەلەستین، سووریە، عێراق، یەمەن و شوێنەکانی دیکە، مەعلووم بوو کە ناتوانێ بۆ نەجاتی یەکێک لە ئەندامانی هێزەکانی میحوەری موقاومەت کارێک بکات. عەلی خامنەیی دوای هێرشی تیرۆریستی حەماس لە ڕۆژی ١٥ی مانگی ڕەزبەر بەخاتری کوشتاری منداڵان و لاوانی خەڵکی ئیسرائیل خۆشحاڵی دەربڕی و وتی کە: "باسک و ناوچاوانی موجاهدان



و داڕێژەرانی لێزانی ئەم هێرشە" ماچ دەکات. و یان دواتر هەڕەشەی دەکرد کە "ئەگەر شەڕ درێژەی بێت هێزەکانی میحوەری موقاومەت نارەحەت دەبن و بۆیان تەحەمول ناکرێ و ئەگەری هەموو ڕووداوێک هەیە". بەڵام درێژەی یەک مانگ و نیوی ئەم شەڕە جەنایەتکارانەیە نیشانی دا کە "میحوەری موقاومەت"ی دەستسازی کۆماری ئیسلامی بێجگەلە مووشەک هاویشتنی سنووردار نەیتوانیوە لەم شەڕەدا بۆ یارمەتیدانی یەکێک لە ئەندامە سەرەکییەکانی هیچ کارێک بکات. هەواڵنێریی ڕوویتێرز لەسەر زاری مەقاماتی کۆماری ئیسلامی و حەماس ئاشکرای کرد کە ئیسماعیل هەنیە ڕێبەری حەماس یەک هەفتە دوای دەستپێکی ئەم شەڕە لە تاران لەگەڵ عەلی خامنەیی دیداری کردووە، بە هیوای ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵا وەک ڕێبەری "میحوەری موقاومەت" یارمەتی حەماس بدەن و بەدژی ئیسرائیل بێنە ناو ئەم شەڕەوە. بەڵام خامنەیی وێڕای پشتیوانی سیاسی لەڤزی لە حەماس، بە هەنیەی وتووە : "کۆماری ئیسلامی نەتەنها نایەتە ناو ئەم شەڕەوە بەڵکوو ئێوە دەبێ ئەو دەنگانەش کە دەیانهەوێ کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵا بێنە ناو ئەم شەڕەوە خامۆش بکەن".

حەسەن نەسروڵڵا ڕێبەری حیزبوڵڵای لوبنان و "میحوەری موقاومەت"ی کۆماری ئیسلامیش ڕۆژی هەینی ١٢ی مانگی خەزەڵوەر یەک مانگ دوای دەسپێکی شەڕی ئیسرائیل دژی خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین، هەروەک خامنەیی لێدوانێکی گشتی سەبارەت بەم شەڕە دا. میحوەری سەرەکی وتەکانی نەسروڵڵا لە وتارەکەیدا ئەوە بوو کە حیزبوڵڵا و کۆماری ئیسلامی و باقی گرووپەکانی بەناو "میحوەری موقاومەت" لە هێرشی حەماس بۆسەر شارۆچکەنشینەکانی ئیسرائیل لە ناوچە داگیرکراوەکان، دەخاڵەتێکیان نەبووە. هەڵوێستی خامنەیی و حەسەن نەسروڵڵا سەبارەت بە بەشداری نەکردنیان لە شەڕ، ڕێبەرانی حەماسی شۆکە و نائومێد کرد. لەحاڵێکدا کە زیاتر لە چوار دەیە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە خومەینی و خامنەیی و فەرماندە حیزبوڵڵاهییەکانی سپای پاسداران تا حەسەن نەسروڵڵا و حەماس و باقی ڕەوتە ئیسلامییەکان فریوکارانە بۆ لەناوبردنی ئیسرائیل تەبلیغات دەکەن، حەماس چاوەڕوانی ئەوە بوو کە لەگەڵ وەڕێکەوتنی ئەم شەڕە هەموو هێزەکانی بەناو "میحوەری موقاومەت"ەکەیان دەستبەجێ بێنە ناو شەڕ و قسەکەی خامنەیی کە وتبووی "بەم زووانە ئیسرائیل نابوود دەبێ" وەدی بێت. لە ڕۆژانی یەکەمی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانە و دژەئینسانییەدا، "محەممەد زیف" یەکێک لە فەرماندە نیزامییەکانی حەماس لە پەیامێکدا وتی: "برایانی ئێمە لە (میحوەری موقاومەتی ئیسلامی) لە لوبنان، ئێران، یەمەن، عێراق و سووریە! ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە موقاومەتی ئێوە لەگەڵ خەڵکی فەلەستین یەک دەگرێت.

لە ڕۆژانی یەکەمی ئەم شەڕە جەنایەتکارانەیەدا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بەوە خۆشحاڵ بوون کە بەڵکوو بتوانن بە نیشان دانی ئەوەی کە دەستیان هەبووە لەم شەڕەدا، وەک کارتێک لە موعامەلە و وتووێژ و سازان لەگەڵ ئەمریکا کەڵکی لێ وەرگرن. کاربەدەستان و دەزگا زانیارییەکانی ئەمریکاش بەئامانجی دوور ڕاگرتنی کۆماری ئیسلامی لەم شەڕە بەردەوام ڕایاندەگەیاند کە "نیشانەیەک لە دەخاڵەتی کۆماری ئیسلامی لەم شەڕەدا بوونی نییە". ئەوەیکە هەتا ئێستا لەم شەڕە دژەئینسانییە دژبە خەڵکی بێدیفاعی کەرتی غەززە دەبیندرێت ئەوەیە کە ڕەوتی ئیسلامی حەماس لەم شەڕەدا بەرەورووی شکستێکی قورس بووەتەوە. بەڵام ئەم شەڕە بۆ کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کەرتی غەززە کە زیاتر لە ١٦ ساڵە لەژێر دەسەڵات و زەبروزەنگی ڕەوتی کۆنەپەرستی ئیسلامیدا ژیانێکی فەلاکەتباریان بەسەردا سەپاوە، بەهایەکی یەکجار قورسی بووە.

لەئێستادا بەرەیەکی مەزنی نارەزایەتی جەماوەری لە سەرانسەری جیهان بۆ ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ و بۆمبارانی دەوڵەتی داگیرکەر و ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و بۆ دیفاع و هاوپشتی لەگەڵ ئازادی خەڵکی فەلەستین کەوتووەتە ڕێ. ئەم حەرەکەتە جیهانییە هاوسەنگیی هێزی بە قازانجی بەرەی خەباتی کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین گۆڕیوە و پێویستە درێژەی بێت. خەڵکی مافخوازی فەلەستین کە خاوەنی پێشینەی زیاتر لە حەفتا ساڵ خەبات دژی جینوساید و داگیرکاریی حکوومەتی ئیسرائیلن، بۆ کۆتایی هێنان بەم ژیانە کارەساتبارەیان بە یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ هێزە پێشڕەوەکان و خەڵکی ئازادیخواز لە ئیسرائیل و سەرانسەری ناوچەکە و جیهان دژی ڕژیمی فاشیست و ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و دژی ڕەوتە کۆنەپەرستەکانی حەماس و جەهادی ئیسلامی پێویستە بێنە مەیدان. یەکگرتن و پشتیوانی کرێکاران و خەڵکی فەلەستین لەگەڵ کرێکاران و هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە ئیسرائیل کە دژی داگیرکاریی دەوڵەتی ئیسرائیلن و پشتیوانی بزووتنەوەی هاوپشتی لەگەڵ ئازادیی فەلەستین لەئاستی جیهان و هۆگرایەتی جیهانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی فەلەستین، ئەو هێزەیە کە دەتوانێ کۆتایی بە ڕەگەزپەرستی و داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل بێنێت و مافی بنەڕەتی خەزلکی فەلەستین بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بێنێتە دی. نە ڕەوتە ئیسلامییەکان کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی عەرەبی و خودی ئیسرائیل بۆ لاوازکردنی بزووتنەوەی چەپ و ئازادیخواز و پێشکەوتووی فەلەستین پێکهاتوون و نە دەزگای گەندەڵی "فەتح" لە لێواری ڕۆژئاوای ڕووباری ئۆردۆن، ناتوانن داکۆکیکاری ڕزگاری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی فەلەستین لە هەڵاواردن و بێمافی و داگیرکاری بن.

***

# شێعر

**به یادی دوکتور جەعفەر شەفیعی**

سەد جەخار بۆ بەهار

که به بێ حوزوری تۆ شکۆفه له بەرۆکی دەدا!

سەد جەخار بۆ گەڵاڕیزان

که هاتنی خۆی به هەڵوەراندنی گەڵا زەردەکانی

بۆ سەر گڵکۆی تۆ ڕادەگەیەنێ!

سەد جەخار بۆ کێوەکان

کـه ڕاوەسـتانی خۆیـان بـه هەبوونـی تـۆ لـه

دەروونیانـدا

دوو پات دەکەنەوە!

به شوێن تۆ دا

چاوەکانم دەریای خوێن هەڵدەڕێژن.

به شوێن تۆدا

باڵندەی دڵ له سەر ئاسمانی کام زەوی

هێلانه دەکات؟

به شوێن تۆدا چاوەکانم دەگرین و

هەڵوەدای تۆن.

سەرئەنجام دەت بیننەوە



له زیل و بەمی سەمفۆنیای شادی و

له ڕێزی لێک هەڵپێکراوی یاراندا،

له خێوەتی هەژاراندا،

له ماڵه تەنگەبەرەکاندا،

له هەڵچوون و شور و شەوقی کۆمەڵاندا،

له ڕۆژی مانگرتن،

له دەست و سیلاح،

له ئیتحادی کاردا،

تۆ دەبیینەوە.

له کازیوەی بەری بەیان

له دیداری پڕ شکۆ و شادی و لێوانی

به خەندە و

له دیداری ڕزگاری به شەرییەت دا،

له ڕۆژی ڕووخانی سەرمایه و

له بەره بەیانی پڕ شکۆفەدا.

سەد جەخار بۆ بەیانی

که شایی فەتح و ڕزگاری

به بێ حوزوری تۆ دەڕازێتەوە.

ن: یاوەر

و: م. ک